




# بەشێک لە دیمانە و پەیامەکانی

## هاوڕێ مستەفا هیجری

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- بەدەر لەوەی خەتای لێکدابڕانەکانمان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو، با بە خۆماندا بچینەوە و بیر لە گرێبەستێکی نەتەوەیی بکەین.................................................................................................... ٣
٢- نەمانی کۆماری ئیسلامی هاوتایە لەگەڵ لەنێوچوونی پێگەی سەرەکی گرووپە تیرۆریستییەکان و گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچە و جیهان........................................................................................... ٨
٣- نۆرویژ؛ سیمینارێکی تەشکیلاتی بۆ کاک مستەفا هیجری پێک هێنرا.................................................... ١٣
٤- بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ تەنیا پشت بە هێزی خۆمان ببەستین.......
................................................................................... دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ..... ١٥
٥- ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین............................................................................................................ ٢٢
٦- بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک.................................................. ٢٥
٧- دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوترە ...............
................................................................................... دیمانە: عەلی بداغی ..... ٣٠
٨- خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت............. دیمانە: عەلی بداغی ..... ٣٨
٩- لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بەبێ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری چیتر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە....................................................................................... ٤٥
١٠- خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات........................
................................................................................... هەڤپەیڤین: عەلی بداغی ..... ٤٩

لێدوان و پەیامەکان............................... ٥٤

## مستەفا هیجری: بەدەر لەوەی خەتای لێکدابڕانەکانمان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو، با بە خۆماندا بێینەوە و بیر لە گرێبەستێکی نەتەوەیی بکەین



(دەقی وتاری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنفرانسی ١٠٠ ساڵەی پەیماننانەی لۆزان‌دا)

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

سڵاوێکی گەرمتان عەرز دەکەم و دەستخۆشی دەکەم لە هەموو ئەو هاوڕێیانە کە ماندووبوون بۆ پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسە کە لە یادێکی مێژووییدا پێکهاتووە و لەجێی خۆیدایە قسەی زۆری لەسەر بکرێ و کاری بۆ بکەین. بەتایبەت نەک لەبەر ئەوە کە هەر کۆبوونەوەیەک بکەین و بەجێی بێڵین، بەڵکوو دەرسی لێ وەربگرین و لێی فێربین. من ناگەڕێمەوە زۆر مێژوو و لە ڕابردوودا نامێنمەوە کە بەداخەوە پڕە لە پەیماننامە و ڕێککەوتن لەدژی ماف و وڵات و نیشتمانی کورد لە هەموو بەشەکانیدا. چونکە کاتەکەمان ئەوەندە نییە، بەڵام بە کورتی هەر لە پەیماننامەی سیڤەرەوە دەست پێ دەکەم.

ئێمە لەنێو کوردەواریی خۆماندا زۆرجار دەڵێین پەیماننامەی سیڤەر، مافی کوردی سەلماند، بەڵام لۆزان تێکی دا. بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە. چونکی دابەشکردنی کوردستان بەهۆی پەیماننامەی سیڤەرەوە بوو، و هەموو کێشە و ماڵوێرانی کورد

لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا. بە بۆچوونی من ڕێککەوتنی سێڤەر، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە مردبوو. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یەکەم، بەشی زۆری کورد چارەنووسەکەی زۆر خراپ خرایە سەر دوو وڵاتی عەرەبی عێراق و سووریە. بەشێکی کەمیش کە لە کوردستانی تورکیەدا مایەوە، لە ڕێککەوتننامەی سێڤەردا باس لەوە کرابوو کە ئۆتۆنۆمیی نێوخۆییان پێ بدات. بەڵام ئەو ئۆتۆنۆمییە نێوخۆییە ئەوەندە شل و شەوێقە، ئەوەندە لەرزۆکە کە هەر بۆخۆی وردە وردە زەمینەی تێداچوونی خۆی ڕەخساند. ئەگەر سەرنجتان دابێ، لە پەیماننامەی سێڤەردا ئەو بەشە لە کوردستانی تورکیە باس لە مافی ئۆتۆنۆمی نێوخۆییەکەی دەکا، سێ نوێنەر لە وڵاتانی براوەی شەڕی بۆ دیاری دەکا. فەڕانسە یەک کەس، بریتانیا یەک کەس و کەسێکیش لە ئیتالیا. کە ئەوانە ئەرکیان ئەوە بووە لە ماوەی شەش مانگدا گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن بۆ ئەو مافەی کە دیاری کراوە بۆ ئەو بەشە کەمەی لە کوردستان ماوەتەوە؛ جارێ هەر لەو هەیئەتەدا یەک کوردی تێدا نییە. بەمجۆرە وەکوو زۆربەی زۆری پەیماننامەکان، دووبارە چارەنووسی نەتەوەی کورد دەکەوێتەوە دەستی غەیرە کورد کە بەپێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی داگیرکارانەی خۆیان دوای شەڕ، دەیانەوێ دیاریی بکەن. دوای ئەو شەش مانگە ئێمە لانیکەم شتێک، گەڵاڵەیەک، نابینین بزانین چییان کرد؟ بەڵام هەمووی بەستراوەتەوە بە ئەگەر و ئەمما. هەر لەو خاڵانەدا کە لە پەیماننامەی سێڤەر بۆ کورد هاتووە بۆ ئەو مافە، بە ئیستلاح باس لەوە دەکا کە ئەگەر ئەو سێ کەسە کێشەیان هەبوو لەسەر هێندێک خاڵ و پێک نەگەیشتن، ئەوە دەوڵەتانی پێوەندیدار مەسەلەکە چارەسەر دەکەن. یانی دووبارە لێرە دەیبەستێتەوە بە مەسەلەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە. ئەگەر ئەوەش جێبەجێ بوو، سەرنج بدەن هەمووی ئەگەر و ئەممایە! ئەگەر ئەوەش جێبەجێ بوو، دوای ساڵێک کوردەکان داوایان لە هاوپەیمانیی دەوڵەتان کرد ڕاپرسی بکەن. ئەگەر ڕێککەوتنیان کرد، و ئەگەر کۆمەڵەی دەوڵەتانیش پەسندیان کرد کورد دەتوانێ مافی سەربەخۆیی هەبێت، ئەودەم ئەو مافەی بۆ دیاری دەکەن. تەواوی ئەوانە ئەمما و ئەگەرێکن کە هیچ تەزمینێک بۆ جێبەجێبوونیان نەبووە. بۆیە دەبینین زۆر بە ئاسانی لە ماوەی سێ ساڵدا، لە پەیماننامەی سێڤەر هەتا لۆزان کە ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەدا دێتە پێشێ و بڕیاری دەوڵەتان دێتە سەر ئەوەی تورکیەی تازە پێکهاتوو، دەبێ سەقامگیری، ئەمنییەت و سوباتی هەبێ. بەوە زۆر ڕاحەت زەمینەی پەیماننامەی لۆزان پێک دێ و بۆ ئەو کارەش دەوڵەتی ئیتالیای ئەودەم، ڕادەگەیەنێ کە ئامادە نین هیچ سەربازێک بنێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە و فەڕانسە و بریتانیاش زۆر ڕاحەت پاشگەز دەبنەوە و ئاکامەکەی ئەوەیە کە لۆزان بە مێژوو دەسپێردرێ.

ئەوە چارەنووسی کورد بوو کە گۆیا قەرار بوو مافی بدرێتێ. بۆیە من ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە بە هەڵە نەچین لە قوربانیبوونی کورد لە دوایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. ئەوە تەنیا لۆزان نەبوو، بەڵکوو ڕەوتەکە لە سێڤەرەوە دەست پێ دەکا. نموونەتان عەرز دەکەم باقیی وڵاتەکان چی بوو؟ بۆ نموونە ئەرمەنستان کە وڵاتێکی چووکەیە، کاتێک بەپێی ڕێککەوتننامەی سێڤەر دەیانەوێ وڵاتی سەربەخۆی بۆ پێک بێنن، وڵاتانی براوەی شەڕ داوا لە سەرۆککۆماری ئەودەمی ئەمریکا دەکەن ئەرکی پشتیوانیکردن لە ئەرمنستان بگرێتە ئەستۆی خۆی و، ئەمریکا ئەوە قبووڵ دەکا و هەر لەو ساڵەدا

سەربەخۆیی بۆ ئەرمنستان ڕادەگەیەنێ، پشتی دەگرێ و دەوڵەتی تورکیە ناچار دەکەن ئەو سەربەخۆییە بسەلمێنێت و تەنانەت بەڵێنی ئەوەی پێ دەدەن دادگا بۆ لێپرسینەوە لەوانە پێک بێنێ کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان کردووە. وڵاتانی براوەی شەڕ بۆ ئەرمەنستان ئەوە دەکەن، بەڵام بۆ کورد کە باسمان کرد بەو شێوەیە بوو. بۆیە ئێمە دەبینین ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان بە قازانجی ئێمە نین، یان بە قازانجی ئێمە تەواو نەبوون.

ئەوانە بە جێگای خۆی من پێم وابێ ئەوە کە ئێمە لە سیاسەتی خۆماندا هەمیشە باس لەوە بکەین وڵاتانی بڕیاربەدەستی جیهان لە هەموو مێژوودا لەسەر هەموو ڕێککەوتنەکان بخەینە ژێر پرسیار. باس لەوە بکەین لە پەیمانی سێڤەردا، یان لە کۆنڤانسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بە ڕەسمی ناسراوە. باس لەوە بکەین مافمان فەوتاوە و ئێوە مافی ئێمەتان فەوتاندووە، ئەو باسە نەمرێ و نەبڕێ و هەر بە جیهان بڵێین ئێمە سەبارەت بەو زوڵم و زۆرداریەی بە نیسبەت نەتەوەی کورد کردووتانە، نە دەتانبەخشین و نە لەبیری دەکەین. بەڵام خۆشەویستان لە پەنای ئەو داواکارییەمان لە جیهان، لە وڵاتانی بڕیاربەدەست، با بۆخۆشمان جارێک بە مێژووی خۆماندا بچینەوە. ئێمە چەند بۆخۆمان یارمەتیدەر بووین و بوارمان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست چارەنووسی ئێمە بە دەستەوە بگرن و ئەو چارەنووسە لە دەستی ئێمە دەربێنن؟

بە پێی تێگەیشتنی من ئەوەندەی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست، بەنیسبەت مەسەلەی کوردە کردوویانە، ئەوەی کورد بۆخۆی کردوویەتی شتێکی کەمتر لەو نییە. ئێمە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، زۆر بەئاشکرا دەبینین کاتێک دەوڵەتانی ناوچە، دەوڵەتانی بڕیاربەدەستی جیهان، تەماح لە خاکمان دەکەن، ئەو کاتەیە کە بۆخۆمان لاوازین و بۆخۆمان ئەو بوارمان ڕەخساندووە. بە واتایەکی دیکە دەتوانم بڵێم ئەگەر وڵاتی کوردان چەند جار بەهۆی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانەوە دابەش کراوە، کورد بۆخۆی بە دەستی خۆی چەند بەرابەر لەوە زیاتر کوردی دابەش کردووە. هەر ئێستاش کە ئێمە دانیشتووین و یادی ئەو ڕێککەوتنەی لۆزان دەکەینەوە، بۆچوونی من ئەوەیە ئێمە هیچ دەرسێک لەو مێژوویە فێر نەبووین. ئێستاش لەنێو ئێمەی کوردی ماڵوێراندا گرێبەست و هێڵێکی سووریکی نەتەوەیی نییە. ئەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتبوو چ بکەین ئاسەواری ئەو دابڕانە کەم بێتەوە؟ چ بکەین ئێش و ئازاری ڕێککەوتنەکانی لۆزان و سێڤەر و ئەلجزایەر و ئەوانی دیکە کەم بێتەوە؟ ئێمە دەبێ وەک نەتەوەیەکی وشیار بیر لەو مێژوویە بکەینەوە و ئەو مێژوویەمان لەبەرچاو بێ کە ئێمە ئەدی بە دەستی خۆمان چمان بەسەر خۆمان هێناوە؟

ئێمە دەسەڵاتی وڵاتانی بڕیاردەرمان نییە. ئەوان قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان هەیە و جیهان و دەسەڵاتەکان بە پێی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان دابەش دەکەن. کەوابوو لەگەڵ ئەوەی وەکوو عەرزم کردن داوای مافی خۆمانیان لێ دەکەین و پێیان دەڵێین کە زوڵمیان لێ کردووین، بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێین ئەوەی یەکلاکەرەوەیە بۆخۆمانین. با بۆخۆمان ببینە

هێز و هێزیش لە یەکگرتووییدا پێک دێ، کەچی ئێمە ئێستاش خەریکی دابەشکارین. دابەشکاری هەر ئەو نییە بێی سنوورێکی نێونەتەوەیی دیاری بکەی و خاک و وڵاتەکت دابەش بکەی. بەڵکوو شکڵ و شێوی جۆراوجۆری هەیە کە ئێمە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لەگەڵی ڕووبەڕووین. ئێمە ئەگەر هێز بین و یەکگرتوو بین، دەوڵەتانی ناوچە جورئەتی ئەوە ناکەن بێن دەستێوەردان لە کارەکانماندا بکەن. وڵاتانی بڕیاربەدەست نە لەبەر خاتری مافی کورد، بەڵکوو لەبەر قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بۆخۆیان دێن و دوامان دەکەون، ڕاوێژمان لێ وەردەگرن و یارمەتیمان دەدەن. ئەمن نموونەیەکی تازەتان دەدەمێ. ئێمە باسی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات لە ڕابردووی دووردا ناکەم. باسی خەباتی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەکەم. لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتوەتە سەر کار، ئێمە بە پیلان ڕێبەرانمان شەهیدکران، خاکمان بۆمباران کرا، خەڵکمان شەهید کرا، هەزاران پێشمەرگەمان شەهید بوو لەو ڕێگایەدا، بەڵام لەو ماوەیەدا هەمووی لەسەر یەک دابنێی، دەنگدانەوەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە قەدەر ئەو شەش حەوت مانگە نەبوو کە خەباتی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە چەخماخەی لێ درا. بۆ؟

**هاوڕێیان!**

حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و باقی حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسۆنی کوردی ئێرانی هەر ئەوانەن کە لە ڕابردوودا خەباتمان کردووە. بەڵام لە ڕابردووا ئێمە دەستمان چووە خوێنی یەکتر، کوردمان لە ڕۆژهەڵاتدا ناهومێد کرد، بەڵام ئەمجارەیان لەو خەباتەدا یەکمان گرت. دوو دێموکرات یەکی گرتەوە، دوو کۆمەڵە یەکی گرتەوە. کۆمەڵە و دێموکرات ناوەندی هاوکارییان پێک هێنابوو. بە خەڵکمان گوت مان بگرن، خەڵک مانی گرت. گوتمان وەرنە سەر شەقام، هاتنە سەر شەقام و ئەو خەباتە نەک کوردستان، سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. هەر بە ئێرانیش نەوەستا و سنوورەکانی بەزاند و چووە سەرانسەری دنیا. ئەمڕۆ دوای حەوت مانگ ئێوە دەبینن لە ئورووپا و لە ئەمریکا ڕۆژ نییە لە گۆشە و کەناری ئەو وڵاتانەدا، ئێرانییەکان هەموو پێکەوە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیەنە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکەن و داوا نەکەن سپای پاسداران بخرێتە لیستی تێرۆرەوە. ئەوەندی کە ئەو وڵاتانە لەو ماوەیەدا فشاریان خستووەتە سەر کۆماری ئیسلامی، گەمارۆیان خستوەتە سەر ڕێژیم و پشتیوانیان لە ڕاپەڕینی خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی کردووە، لە تەواوی ئەم چل و چەند ساڵەی ڕابردوودا نموونەی نەبووە. بۆیە من جارێکی دیکە داوام ئەوەیە کە زۆرتر لەوەی هەر خۆمان پاک و بێ خەتا نیشان بدەین و هەموو خەتاکان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو، با بە خۆماندا بچینە و ئاوڕ لە خۆمان بدەینەوە. با خۆمان ئیسلاح بکەین.

ئەگەر بەڕاستمانە و خەباتمان و قوربانیدانمان بۆ ڕزگاریی خاک و خەڵکەکەمانە، با جارێک بیر لە قازانج و

بەرژەوەندیی نیشتمانەکەمان بکەینەوە. با لە قازانج و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و عەشیرەتی خۆمان ڕزگار بکەین. دەنا ئیمکانی نییە هیچ شوێنێک لە جیهاندا ڕوحممان پێ بکەن و بەفریامان بکەون.

**زۆر سپاستان دەکەم**

**٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

## مستەفا هیجری: نەمانی کۆماری ئیسلامی هاوتایە لەگەڵ لەنێوچوونی پێگەی سەرەکی گرووپە تیرۆریستییەکان و گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچە و جیهان




(دەقی لێدوانەکەی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی شۆڕش بە پێشەنگایەتیی ژنان لە ئێران – پارلمانی ئەورووپا)

**ڕۆژباش!**

پێش ئەوەی قسەکانم دەست پێ بکەم بە پێویستی دەزانم سپاسی ئەنیستیتۆی کورد لە برۆکسێل، سۆسیال دێموکراتەکان، فراکسیۆنی سەوزەکان و پلاتفۆرمی ئێرانی دێموکراتیک بکەم بۆ ئەو دەرفەتەی ڕەخساوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە داهاتووی ئێران و هەروەها ڕوانگەی نەتەوە حاشالێکراوەکان هەندێ باس پێشکەش بکرێت.

هەرچی ئەمڕۆ دەیڵێم ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بەڵام هاوکات هەوڵ دەدەم ڕوانگەیەکی گشتی و هەمەلایەنەتر بخەمەڕوو کە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

لەو ڕۆژەوە کە گیانی ژینایان ستاند، کەشی سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران بەرەو گۆڕانێکی بنچینەیی ڕۆیشت. گۆڕانێک کە خەڵک لەلایەک و کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەیەتی. بە واتایەک، هیچکەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران دەکات، واتە دووپاتکردنەوەی چیرۆکێک کە بۆ ماوەی چوار دەیە بە ناوی میانەڕەو و توندڕۆ کۆمەڵگەی جیهانیی سەرقاڵ کردبوو.

تێچوویەک کە خەڵک لە چەند مانگی ڕابردوودا لەپێناو گۆڕانکاری لە ئێراندا داویانە، کەم نییە؛ زیندانیکردنی هەزاران کەس، لەسێدارەدانی بێوچان کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەسەدا ٨٠ زیادی کردووە، سەدان بریندار کە نموونەی بەرچاویان لەدەستدانی بینایی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانە و ڕەشەکوژی لە زاهدان و جوانڕۆ و شارەکانی تر، هەموویان دەرخەری ئەوەن کە ئەوەی خەڵک تووشی هاتوون سیستەمێکی نامرۆییە کە کوشتن، دەستدرێژی، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و بێگومان تیرۆر بەشی دانەبڕاوی شوناسییەتی.

ئەوەی لە ئێراندا دەستی پێکردووە شۆڕشێکە کە ئێمە بە "شۆڕشی ژینا" ناودێری دەکەین، بەڵام ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی بنچینەیی لە هەموو ئەو شۆڕش و گۆڕانکاریانەی کە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو لە ئێراندا ڕوویان داوە جیاوازە. جیاوازی سەرەکی ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە بۆ توانا گوتاریی و کردەییەکەی.

شۆڕشێک کە خوازیاری تێپەڕین لە دوو قۆناغی نامرۆیی و نادێموکراتیک لە ئێراندایە. واتە قۆناغی پاشایەتی ڕەها کە تێیدا شوناسێک بەسەر هەموو شوناسەکاندا دادەسەپا و ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە و نکوولیکردن لە شوناسەکانی تر جگە لە شوناسی قەومی خاوەندەسەڵات ببوو بە بەرنامەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیکی دەسەڵات. هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی ڕەهای فەقێ، سەپاندنی مەزهەبێکی تایبەت بەسەر ئایین و مەزهەبەکانی تردا بووە بەرنامەی کاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردوو قۆناغەکە دیکتاتۆری و پاوانخوازییە.

ئەوەی لە هەناوی شۆڕشی ژینا بە دروشمی ستراتیژیکی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی نواند، بریتییە لە تێپەڕین لە ڕابردوو و لە ئێستا بۆ خستنەڕوو و وێناکردنی "ئێرانێکی نوێ". ئێرانێک کە لەسەر بنەمای ویست و ئیختیار دابمەزرێت نەک بەسەرداسەپاندن و ناچارکردن. هەروەها ئێرانێک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ جێی حوکمی ڕەها بگرنەوە.

تێپەڕین بەرەو کۆمەڵگەیەک کە تێیدا بەها و بایەخگەلێکی وەک ژن، ژیان و ئازادی بنوبنچینە بن، ئاسان نییە. پێش هەموو شتێک ئێمە لەگەڵ ڕژێمێک بەرەورووین کە هێمای پەتیی درندەیی و دیکتاتۆرییە. هاوکات بەرەورووی کلتوور و گوتارگەلێکین کە ماوەی چەند دەیەیە خوویان بە لێکدانەوەی پاوانخوازانە گرتووە و باوەڕیان پێ هێناوە. لەم دۆخەدا

گۆڕانکاری پێویستی بە کات، پشتیوانی و تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە زیندووەکانی نێو قەوارەی سیاسی ئێران هەیە.

ڕوانگەی ئەو خەڵکەی کە هەمووڕۆژێک ئەزموونی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان هەیە جیاوازە لە تێڕوانینی بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، چونکە خەڵک بەدوای داڕشتنەوەی چیرۆکە خەیاڵییەکانی ڕابردوو و سەپاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆیان نین، بەڵکو هەوڵی بونیاتنانەوەی ئێرانێکی جیاواز دەدەن کە تێیدا "پەراوێز" جێگایەکە کە شیاوی ئەوەیە بکرێتە سەرمەشق نەک ئەوەی حاشای لێ بکرێت. هەر بۆیە لە شەقامەکانی تاران درووشمیان دەدا: "تهران بشه کوردستان، ایران میشه گلستان". بە واتایەکی تر، ئەوەیەک کە خوازیاری ئێرانێکی نوێیە، بەختەوەری خۆی لە خۆشبەختی و ڕزگاری ئەوانی تردا دەبینێتەوە نەک لە نکوولێکردنیان، هەر ئەمەش وای کرد خەڵکیدنیا لەگەڵ شۆڕشی ژینا هاودڵ و هاوسۆز بن.

ئەوەی نوێی ئێران خوازیاری پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەی جیهانییە. خوازیاری دابەشکردنی بایەخە جیهانی و مرۆییەکانە. خوازیاری بەدیهێنانی بەستێنێکە کە تەنیا لە کۆمەڵگە ئازاد و کراوەکاندا دەلوێت نەک لە جیهانێکی ئایدۆلۆژیک و دەستە و تاقمگەرا و لێوانلێو لە تاواندا کە کۆماری ئیسلامی و پاوانخوازەکان نوێنەرایەتی دەکەن.

هەرچۆنێکبێ گۆڕانکارییەکانی چوونەتە قۆناغێک کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش شۆڕشی ژینا ئەستەمە؛ بەڵام تێکۆشان، گیانبازی و خۆڕاگری خەڵک پێویستی بە ئاریکاری و پشتیوانی کۆمەڵگەی جیهانی هەیە. پشتیوانییەک کە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای سەرکوتکەران و زۆربوونی هێزی خەڵک.

ئێمە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا خاوەن گوتار و بایەخگەلێکی ڕوون و تایبەتین. ڕوانگەی ئێمە سەبارەت بە داهاتووی ئێران ڕوانگەیەکە کە زیاتر لە یەک سەدە و بە شێوەیەکی تایبەتی‌تر زیاتر لە چوار دەیەیە لەپێناویدا خەبات دەکەین. ئەوەی خەڵکی کوردستان دەیانەوێت، ئێرانێکە کە تێیدا شوناسی کوردستانیبوون لەئەمنوئەماندا بێت، بەجۆرێک کە حاشا لە زمان، کلتوور، مێژوو و نیشتمانیان نەکرێت، بەڵکو کوردستانیبوون وەک شوناسێک کە هەیە و خاوەن بایەخگەلی تایبەت بە خۆیەتی بە فەرمی ددانی پێدا بنرێت. ڕوانگەی ئێمە مەیلەو لێکتێگەیشتن، پێکەوەژیانی دڵخوازانە و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی سیاسییە کە دەستەبەری شوناسی کوردستانی بێت نەک ئەوەی هەڕەشە بێت لەسەری.

بە دیاریکراوی ئێمە خوازیاری سیستەمێکی لامەرکەزی و فیدرالین کە کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن، لور، مازەنی و فارس بتوانن تێیدا ئازادانە و شێوەیەکی دێموکراتیانە هەرێمەکانی خۆیان ئیدارە بکەن و هاوکات بەربەستێک بن

بەرامبەر سەرهەڵدانەوەی هەرجۆرە سیستەمێکی پاوانخواز لە داهاتوودا، چونکە دابەشکردنی دەسەڵات و لەئەنجامی ئەوەشدا هاوسەنگی هێز دەرفەت بۆ سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەکی تر ناهێڵێتەوە.

هەوڵی کورد بۆ لێکنیزیکبوونەوە و هاودەنگی و هاوکاریی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بەردەوامە. بە تایبەتی لەم چەند مانگەی دواییدا هەوڵمان داوە بەدیهێنەری یەکگرتوویی و هاوکاریی بین. بەڵام ئێمە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ هەوڵ دەدەین نەک بۆ بونیاتنانەوەی شێوازێکی تری پاوانخوازی. بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی دڵخواز تەنیا خەڵک و ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بەس نین، بەڵکو لەم ئاراستەیەدا کۆمەڵگەی جیهانیش یەکێکە لە ئەستونە سەرەکییەکان.

ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چەندە بۆ خەڵکی ئێران قازانجی هەبێت، ئەوەندەش بۆ کۆمەڵگەی جیهانی گرینگە. نەمانی کۆماری ئیسلامی هاوتایە لەگەڵ گەڕانەوەی سەقامگیری و ئاشتی بۆ زۆرێک لە وڵاتان، لەنێوچوونی بنکەی سەرەکی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەروەها بە واتای ئەمن و ئاسایشی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی ژنانە. بزووتنەوەیەک کە خوازیاری ددان پێدانانی فەرمی و دووپاتبوونەوەی ئەم ڕاستییەیە کە "ژنان توانای بەدیهێنانی ئەوەیان هەیە کە دەیانەوێت". هاوکات دەبێتە هۆی بووژانەوەی هێزە سێکۆکار و مەدنییەکانی ناوچە کە دەیان ساڵە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ڕەوتە توندڕۆکانەوە پەراوێز خراون.

لە کۆتاییدا، ئەوەی پێویستە لێرەدا، لە پارلمانی ئەورووپا جەختی لەسەر بکرێتەوە بەرجەستەکردنی ئەو بابەتەیە کە بزووتنەوە شوناسخوازەکان کە لە ئێراندا سەریانهەڵداوە و ڕۆژلەدوایڕۆژ بەهێزتر دەبن، خۆیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی جیهانی پێناسە دەکەن.

ژنان هەڵسووڕێنەری شۆڕشی ژینان کە وەک بزووتنەوە شوناسخوازەکانی دیکەی ئێران دەیانەوێت بەفەرمی ددانیان پێدا بنرێت. سیستەمی داهاتووی ئێران پێویستە دان بەو شوناسانەدا بنێت، ئەمەش پێویستی بە پشتیوانی کردەیی و بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییە.

پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی ئەمنتر و سەقامگرتووتر، چونکە زەینییەت و خەونی نەوەی ئەمڕۆی ئێران هەڵگری ئەو بەها و بایەخانەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی لەسەریان بنیات نراوە. ئێمە لە کوردستاندا وەک بەشێک لەم بزووتنەوە گشتگیرە خۆمان لە دەرەوەی بازنەی ئەم بایەخە جیهانیانە پێناسە نەکردووە و بەردەوام هەوڵی بنیاتنانی سیستەمێکی بەرپرسیار و دیموکراتیکمان داوە. دڵنیا بن وەک چۆن کوردستان لە شەڕی دژ بە بناژۆخوازی

قەڵغانێک بوو بەرامبەر تیرۆریستەکان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێرانیش بەدەر لەم پرەنسیپە نییە، چونکە بۆ ماوەی چوار دەیە بە تاقی تەنیا بەرامبەر گەورەترین دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆر لە جیهاندا خۆڕاگری کردووە و لە ئێرانی ئازاد و ڕزگارکراوی داهاتووشدا لە ڕیزی ئازادیخوازان و جیهانی خاوەنشارستانیەت ڕادەوەستێ.

**١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

## نۆرویژ؛ سیمینارێکی تەشکیلاتی بۆ کاک مستەفا هیجری پێک هێنرا




سیمینارێکی تەشکیلاتی بۆ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری ئۆسلۆ، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، پێک هێنرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٢ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ، لە دەڤەری ئۆسلۆ، سیمینارێکی تەشکیلاتیی بۆ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، بەڕێوە برد.

سیمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ دیدار نوێکردنەوە لەگەڵ بەشێک لە ئەندامان لە وڵاتی نۆرویژ، دوای باسکردن لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، باسێکی گشتیی لەسەر ڕەوشی عێراق و پێکهاتەکانی و هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد کە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕێبەری و کادر و

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بەڕێز هیجری، باسی لە زەخت و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.

پاشان ناوبراو باسێکی لەسەر زەروورەتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، شۆڕشی "ژینا" و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت هێز و لایەنەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حیزبی دێموکرات کرد و ئەوەی بە ڕۆڵێکی گرینگ بۆ حیزبی دێموکرات زانی و ئاماژەی بەوە دا کە دەبێ ڕۆڵ و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی حیزب بە گشتی لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا بێت.

کاک مستەفا هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسی لە بەردەوامیی ناوەندی هاوکاری، دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانی سەرانسەری ئێران کرد و جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی بەرز نرخاند و ئاماژەی بە دیالۆگ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بە تایبەتی و لایەنەکانی ئێرانی بە گشتی کە باوەڕیان بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و مافی نەتەوەکان لە ئێران هەیە، کرد و لەسەر ئەوە جەختی کردەوە کە دەبێ ئاڵوگۆڕ لە عەقڵییەتەکانماندا پێک بێنین و یەکتر بە هەموو بیروڕا جیاوازەکانەوە قەبووڵ بکەین.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی باسەکەیدا لەسەر پاراستنی نەزم و دیسیپلینی حیزبی جەختی کردەوە و بەرچاوڕوونیی بە ئەندامانی حیزب دا کە بە هیچ شێوەیەک نابێ لە دنیای مەجازیدا بکەونە شەڕی ڕەوانی و مەجازی لەگەڵ لایەن و کەسانی دیکە و لە هەر چەشنە قسەی ناشیرین و بێڕێزیکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ خۆ ببوێرن، چونکە ئەوە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکرات و ئوسوولی دێموکراسی دوورە.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ تەنیا پشت بە هێزی خۆمان ببەستین



**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

### ئاماژە:

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تازەترین دیمانەی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "کوردکاناڵ"دا، تیشکی خستووەتە سەر جێگەوپێگەی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی کوردستان، ئێران و جیهاندا. پرسی کاریگەریی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، فازی نوێی بەربەرەکانیی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و، دوورەدیمەنی گۆڕانکارییەکان لە ئێران لە بەرەبەری ساڵیادی ژینا چەند تەوەرێکی دیکەی ئەم دیمانەیە بوون. "کوردستانمیدیا" پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە.

**شەماڵ تەرغیبی: پێگەی حیزبی دێموکرات لە ٧٨ ساڵەی تەمەنیدا**

**مستەفا هیجری**: کاتێک ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ مێژوو، چالاکی و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکانی حیزبێک دەکەین، لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە ئەو هەلومەرجەی ئەو حیزبە تێدا بووە، هەڵسەنگێنین و قەزاوەتەکەمان بەو پێیە بێت. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕاستە حیزبەکەمان ئەم ڕۆژانە ٧٨ مین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی جێژن گرتووە، بەڵام لەو ٧٨ ساڵە زیاتر لە ٧٠ ساڵی ڕێبەرایەتییەکەی بەهۆی زەبروزەنگی ڕێژیم و بەبیانوی ئەوەی حیزبی دێموکرات حیزبێکی نایاساییە، ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بووە. لە نێوخۆش خەڵکەکەی لەگەڵ توندترین زەبروزەنگ و داپڵۆسین و زیندان و ئێعدام و ئەشکەنجە ڕووبەڕوو بوونەتەوە. لەو هەلومەرجەدا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە زیندانەکاندا ئێعدام کراون، ئەموال و دارییان دەستی بەسەردا گیراوە، ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ هەندەران، ئەوە باردۆخێک بووە کە ئەو حیزبە تێیدا بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا ئەمن پێموایە بەپێی ئەو ڕابردووە تاڵە، حیزبی دێموکرات حیزبێکی سەرکەوتووە، بەو حاڵەشەوە لە هەلومەرجی ئێستادا یەکەم حیزبی بەهێز و بەتوانایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قسەی یەکەم دەکا. حیزبێکە کە توانا و هێز و گڕووتینی خۆی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەردەگرێ. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی و ویست و داخوازی خەڵکەکەیەتی لە پێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران تێکۆشاوە و خەباتی کردووە. هیچ کات لەو ماوە دووردرێژەدا، لەو ڕێبازە ئەسڵییەی لای نەداوە. بێگومان ئەوەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە خەڵک پشتیوانییان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو ئەو نسکۆیانە وەکوو دابڕانەکان و تێرۆرەکان توانیویەتی سەربەرز هەستێتەوە و خەبات و تێکۆشانی خۆی درێژە بدا. ئەوە دەتوانم بڵێم هەڵسەنگاندنێکی کورتە بۆ ڕابردووی حیزبی دێموکرات کە جێگای شانازییە بۆ هەموومان و لە پێش هەمووانیدا خەڵکی تێکۆشەر و فیداکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە پێش ئەوانیشدا بنەماڵەی شەهیدەکانمان کە لەسەر ئەو ڕێبازە شەهیدیان داوە و ئەو سەرکەوتنە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. جارێکی دیکە ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەوانە و بۆ من جێگای خۆشحاڵییە لە حیزبێکدا پێشمەرگایەتیی دەکەم کە خەڵکێکی وشیار و وریای هەیە کە بۆ مافی نەتەوەیی خۆیان تێدەکۆشن.

**شەماڵ تەرغیبی**: **پێگەی حیزب لە هاوکێشە سیاسییە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکاندا**

**مستەفا هیجری**: دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو حیزبی دێموکرات ڕیزەکانی خۆی یەکخستەوە، لەڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ڕابردوو بوو بوو بە جێگای هیوا و ئومێدی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و بەوە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا زۆر بەرزتر بۆوە. توانی وەرەبەخش بێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە خەباتەکەیان بەتوانای زیاترەوە ببەنە پێشێ. ئێمە بەو یەکگرتنەوەیە پەیامێکی سیاسیمان دا بە خەڵکی خۆمان کە سەردەمی دابڕانەکان،

دژایەتی لەگەڵ یەکترکردن، یەکترشکاندن و ئەوانە بەسەر چووە و، بەپێی سەردەم ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پاڵ بەیەکەوە بدەین و پێکەوە شان بە شانی یەکتر خەبات بکەین. بەتایبەتی ئەو یەکگرتنەوەیە لە بزووتنەوەی ژینادا بەتەواوی هەم لەنێو کوردستاندا هەم لە سەرانسەری ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستا حیزبی دێموکرات هەم لەنێو کوردستانی ئێران، هەم لەنێو خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جێگە و پێگەییەکی جیاوازتر لە ڕابردووی هەیە و هەموویان ئۆمێدیان بە حیزبە بەستووە. بەتایبەتی کە دەبینین سەرەڕای زەبروزەنگەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا هێزی بەرچاویان هەبوو، لە ڕاستیدا ئەوانە هەموویان تووشی دابڕان هاتوون و دابەش بوون. بەشێکی زۆریان ڕوویان کردووەتە دەرێ و ئەوانەش کە ماونەتەوە کەمن و ئەوە نین کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەبێ. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر هەمووی ئەو زەبروزنگانەدا دووبارە هەستاوەتەوە سەر پێ و لە شکستەکان ئەزموونی وەرگرتووە، ئەوە لەڕاستیدا ئاڵوگۆڕی لە پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا و تەنانەت لەنێو کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتییشدا پێک هێناوە و هەموو لایەنەکان حیساب لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی دەکەن.

هەڵبەت ڕاستە حیزبی دێموکرات هەمیشە پێگەی خۆی هەبووە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کاتێک دابڕان لە حیزبی دێموکرات ڕووی دا، خەڵک نائومێد بوون. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش پتر ئایەی نائومێدی بۆ خوێندوون و خەڵک داغدار بوو. بەڵام کاتێک حیزب یەک دەگرێتەوە، بێگومان ئیعتبارەکەی زیاتر دەچێتە سەرێ و، زیاتر دەبێتە جێگای باوەڕ و متمانەی خەڵک کە بە دەوریدا کۆ ببنەوە.

**شەماڵ تەرغیبی**: پلان و نەخشەڕێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ داهاتوو

**مستەفا هیجری**: بەو ڕوونکردنەوەیەی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسم کرد، شتێکی زۆر سروشتییە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنایەتی و توندوتیژی و زەبروزەنگەکەی بەنیسبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چالاکانی حیزبی دێموکرات، سەرتر لەوان لەسەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر بەبۆنەی ئەوەی پشتیوانییەکی بەرین لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، زیاتر بکات. بەڵام ڕابردووش پێشانی داوە هیچکام لەو زەبروزنگانە و لەو بەرنامە هەڵانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوویەتی، ئەو سیاسەتە دژمرۆڤانە کە بەکاری هێناوە هیچکامیان نەیتوانیوە خەڵکی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئازادیخوازانی ئێران بێدەنگ بکات. کەوابوو بۆ ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو ڕاستەڕێی خەباتی نەتەوەیی بەمەبەستی وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی گەلەکەمان لەو سەردەمەدا کە گرتوومانەتە پێش، ئەوە دیسان ڕاستەڕێی خەباتی ئێمە دەبێ بۆ داهاتوو. پلانمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا نەگۆڕاوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕێگایەی

هەڵمانبژاردووە، ڕێگایەکی دروستە. ڕێگایەکە خەڵک دەیەوێ و پشتیوانیی لێ دەکا، بۆیە ئێمەش بە هەموو ئیمکاناتێک کە هەمانبێ، کەم یان زۆر لەو ڕێگایەوە خەباتی خۆمان درێژە دەدەین. متمانەم هەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بێدەنگ بکا و بە ئامانجەکانی خۆی بگا، بەڵکوو ئەوە خەڵکن کە بە ئامانجی خۆیان دەگەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و پرسی چەککردنی حیزبی دێموکرات

**مستەفا هیجری**: لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە دژایەتیی حیزبی دێموکراتی کردووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا قایمتر بووە و ڕێژیمیش بۆ تۆڵەکردنەوە زەبروزەنگەکەی زیاتر کردووە. سروشتییە ئێستاش کە ئێمە لە ساڵڤەگەری دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایین و بەرەو ساڵڤەگەری بزووتنەوەی ژیناش دەچین، کۆماری ئیسلامیی ئێران نیگەران بێت و ترس و لەرزی ڕێ بنیشێ؛ بۆیە هەڕەشەکانی توندتر کردووە. یەکێک لەو مەسەلانەش کە باسی دەکەن مەسەلەی چەکە. جارێ ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتاوە ئاشقی چەک نەبووین و بە دڵخوازی خۆمان چەکمان هەڵنەگرتووە، بەڵکوو ئێمە لە سەرەتادا بە خەباتی مەدەنی و بە وتوویژ داوامان کردووە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بێنینە بەر باس و چارەسەریان بکەین. بەڵام یەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو لە بەرانبەر داخوازیی ئێمەدا کە داخوازییەکی مرۆڤانە و سەردەمیانە بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی قەدەغە ڕاگەیاند، هێرشی کردە سەر کوردستان، تێکۆشەرانی ئێمەیان گرت و ئێعدامیان کردن و ئەو سیاسەتە هەتائێستاش بەردەوام بووە. یانی لەڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نەهێشتینەوە و ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان دەست بۆ چەک ببەین.

هەتا ئەو هەلومەرجە و ئەو دۆخەش لە وڵاتەکەماندا هەبێ، ئەوە مافی خۆمانە و بە هەموو ئیمکاناتێکی بەردەستمان و بە هەموو توانامان دژی ڕێژیم خەبات دەکەین. ئەگەر ئەو هەلومەرجەش کە ئێمەی ناچار کرد چەک هەڵگرین نەما، سروشتییە ئەودەم باروودۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. یانی ئەگەر دۆخێکی وا لە ئێران و کوردستان ئێران بێتە پێشێ کە بتوانین وەکوو هەموو خەڵکی ئەو جیهانە پێشکەوتووە کە داخوازییەکانیان گوێی لێ دەگیرێ و ئەمنیەتییان پارێزراوە، ئەودەم دەکرێ باس لەوە بکرێ کە چەک لە حیزبی دێموکراتی چی لێ دێتەوە؟ ڕەنگە ئەودەم چەک کەڵکی نەمابێ. بەڵام تاوەکوو ئەم دۆخە لە ئارادا هەیە، حیزبی دێموکرات چەکی بۆ بەرگری لە خۆی پێ دەبێ و کەلکی لێ وەردەگرێ. مەسەلەیەکی دیکە کە پێمخۆشە ئاماژەی پێ بکەم ئەوویە ئێمە بە ئیجازەی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەکمان هەڵنەگرتووە تا لەسەر داخوازیی وی چەک دابنێین. کەوابوو ئەوەش وەکوو بەشێک لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات وەکوو چۆن ئێمە تێکۆشانی ڕاگەیاندمان هەیە، دیپلۆماسیمان هەیە و جۆرەها کاری ئۆرگانیزاسیۆنمان هەیە، چەکیش بەشێکە لەوان کە هەمانە و بۆ

هێرشیش نییە، بەڵکوو بۆ بەرگری لەخۆمانە.

**شەماڵ تەرغیبی**: دەسکەوت و کارنامەی حیزبی دێموکرات لە یەکساڵەی یەکگرتنەوەیدا

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەمەوێ بڵێم ئێمە لە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دابڕان و یەکگرتنەوەی زۆرمان بووە. لە هەموو دابڕانەکانیشدا، خەڵک تووشی شۆک بوون، گەلەییان کردووە، بێزار بوون و لە یەکگرتنەوەکانیشدا خۆشحاڵ بوون. بەڵام یەکگرتنەوەی ئەمجارەمان جیاواز بوو لە هەموو ئەوانە، ڕەنگە جیاوازییەکە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجەکە. چونکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکدا بوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازیی پتر و، بەرەو پەرەگرتنی ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی دەسەڵات دەچوو. پێشبینی ئەوەش دەکرا کە ڕاپەڕینی بەرفراوان لە ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەست پێ بکات و، ئێران بخاتە سەر مەسیری بەرەو نەمان. کە لە هەلومەرجێکی وادا حیزبی دێموکرات یەک دەگرێتەوە، گرینگییەکەی زۆر زۆر زیاتر لە یەکگرتنەوەکانی ڕابردووە، کاریگەرییەکەشی وەکوو عەرزم کردی، لە شەقام و لە بزووتنەوەی ژینادا خەڵک پێشانی دا و بە دەنگیەوە هاتن. بێجگە لەوانە، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی سیمای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەزەر خەڵکی ئێرانەوە هەبوو. بۆیە هەرچەند یەک ساڵ بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە ماوەیەکی کەمە، بەتایبەتی ئێمە بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکییەی کرایە سەرمان، بنکەکانمان هێندێک بڵاو کەوتن، لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا باوەڕم وایە هەنگاوێکی زۆر مێژوویی بوو و حەتمەن لە داهاتوودا کاریگەریی زۆر لەوە زیاتریشی دەبێ. ئەمن هیوادارم ئەو یەکگرتنەوەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ ببێتە هۆی بەهێزتربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەر بە یەکگرتنەوەکە قانع نەبین، بەڵکوو هەوڵ بدەین هەموو لایەنەکانی دیکە لە کوردستانی ئێران و ئێراندا کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەن؛ هەموومان پێکەوە بتوانین ئێرانێک دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین، ئەو ڕۆژەڕەشانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چیدی دریژەیان نەبێت.

**شەماڵ تەرغیبی**: گەمە دیپلۆماسییەکانی ئێران، سەرکەوتنی سیاسی یان شتی تر؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی ئێران لەو ماوەیەدا کردوویەتی، وەک گۆڕینەوەی هێندێک زیندانی لەگەڵ ئەمریکا کە لەلایەن ئێرانەوە بەبارمتە گیرابوون، باشکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو عەرەبستان، یان ئەوەی چەند میلیارد دۆلار پارەی ڕاگیراوی ئێران لە کۆرەی باشوور ئازاد بووە و ڕێژیم دەتوانێ کەلکی لێ وەرگرێ، ئەوانە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی چەند ساڵ لەوە پێشیش بیانکات و دەسکەوتێکی ئەوتۆ نییە؛ بگرە نیشانەی لاوازییەتی. بەڵام ئەودەم کۆماری ئیسلامی بەپێی سیاسەتە ئیدۆلۆژیکییەکانی گوێی پێ نەدەدا و ئێستا دوای چەند ساڵ بە هێندێک مەرجی زیاترەوە قبووڵی کردووە بۆ ئەوەی ئەوانە جێبەجێ بن. ئەوجار ئەوە خۆ پارەیەک نییە بڵێی ئەمریکا پێی دابێ، بەڵکوو پارەی خۆیەتی کە

دەیتوانی بە سیاسەتی دروست سالانێک پێش ئەو ئازادیان بکات و کەلکیان لێ وەربگرێ. کەوابوو من ئەوە بە سەرکەوتن نابینم بەڵکوو ئاوای لێک دەدەمەوە کە ڕێژیم هیچ دەرەتانێکی بۆ نەماوەوە، بێجگە لەوەی لە بەرانبەر داخوازەکانی لایەنی دیکەدا کە لەگەڵیان تەرەفی موعامەلەیە ئیمتیازی زیاتر بدا و پاشکەشەی زیاتر بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێ هێندێک دەستکەوتی هەبێ.

ئەوە دۆخێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیەتی، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تەواوەتی مەسەلەکە وەکوو مەسەلەی دیپلۆماسی، لەڕاستیدا پێوەندیی ئەمڕۆی جیهان لەسەر قازانج و بەرژەوەندییە. کاتێک دەوڵەتانی پێشکەوتوو، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەکەونە وتوویژ، مامەڵە لەسەر قازانج و بەرژەوەندیی دوولایەنە دەکەن. تەبیعەتەن ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی زلهێزە، بەڵام ئەویش بۆ قازاج و بەرژەوەندیی خۆی تێدەکۆشی. بۆیە ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان دەبێ هەر هەبێ. ئەوە یەک شتی دیکە بۆ چەندەمین جار بە ئێمە دەڵێتەوە کە ئێمە بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ پشت بە هێزی خۆمان ببستین. تەنیا ئێمە بۆخۆمانین کە پشت و پەنای خۆمانین. نابێ پشت بە هیچکەس ببەستین، بە هیچ لایەنێک، بە هیچ دەوڵەتێک. دەبێ پشت بە خۆمان، بە خەڵکی خۆمان ببستین و، ئەگەر لایەنی دیکەش لەبەر قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان ویستان یارمەتیدەرمان بن، ئێمە وەکوو یارمەتیدەر چاوی لێ دەکەین. بەڵام ئەسڵ و بنەڕەتی هێزی ئێمە دەبێ بۆخۆمان بین و ئەوەش دەرسێکە کە دەبێ لە گەمە دیپلۆماسییەکانی ئێرانی وەربگرین.

**شەماڵ تەرغیبی: خوێندنەوەی ئێران بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو بەپێی دۆخی ئێستا**

**مستەفا هیجری:** پێشتریش گوتومانە ڕێژیمێک کە دەیەوێ کێشە و گرفتەکانی ئەو سەردەمە بە ئیدیۆلۆژیی ١٠٠٠ ساڵ لەوە پێش چارەسەر بکات و ئوسوولەن بۆشی گرینگ نییە، شتێکی زۆر سروشتییە کە قەیرانەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ. سەردەمانێک بوو کۆماری ئیسلامی هاتبووە سەر کار و هێشتا خەڵک نەیدەناسی. ئەوان وادە و بەڵێنیان دەدا بە خەڵک و خەڵکیش بە کۆمەڵە هۆکارێک ڕەگەڵی کەوتبوون. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ کە نێوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە دەرکەوت، هەمووان زانییان کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی قەیرانخوڵقێنە و ئەو عەقڵییەتەی لەسەر کارە، عەقڵییەتێک نییە بتوانێ قەیرانەکان چارەسەر بکا، بگە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریان دەکا.
ئێستا دەبینین ئەو قەیرانانەی ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو بوو، ئێستا نەک چارەسەر نەبوون، بەڵکوو چەندین بەرابەر زیاتریش بوون و ئەوە وەکوو ڕەوتێک درێژەی هەیە. سروشتییە لە هەلومەرجی وەهادا خەڵک ئیدی تەحەمولی نامێنێ. ژیان بۆ خەڵک نەماوە، خەڵک ئازادی و کەرامەتیان لێ ئەستێندراوە. سروشتییە بۆ ئەوە خەبات دەکا کە ئەو دۆخە، بگۆڕێ. بۆیە ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم دەبێ چاوەڕوانین بین لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی قەیرانەکان زۆر

لەوە زیاتر بن و هێزی یەکگرتووی خەڵکی ئێرانیش بۆ ڕووخاندنی ڕێژی، بەهێزتر بێ، پەرەگرتووتر بێ. بەربەرەکانێی نێوان دوو لایەن، دوو لایەنی دژ بە یەک ئیدی هیچ ڕێگای موساڵحە و سازانی تێدا نەماوە، بەڵکوو دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لابچێ. بۆیە دەڵێم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لابچێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو حکوومەت هیچی بە دەستەوە نەماوە. نە بێهداشتی هەیە، نە خوێندن وەکوو خۆی ماوە، نە ئابووری، نە ئازادی و... هیچ شتێک نەماوە. تەنیا شتێک کە هەیەتی سەرکوت و زەبروزەنگە. ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەش نەک هەر لە ئێراندا، بەڵکوو لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازی گەلانی جیهاندا، نەیتوانیوە بۆ هەتا هەتایە بەسەر هێزی خەڵکدا زاڵ ببێت. ئەمن ئەو داهاتوویە بۆ ئێران و بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشبینی دەکەم.

**شەماڵ تەرغیبی: ئەرک و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە هاوکێشەکانی داهاتوودا**

**مستەفا هیجری**: پێویستە ئەوەندەی بکرێ ئەحزاب بتوانن لە چوارچێوەییەکی سیاسیدا، لەسەر هێندێک خاڵی هاوبەش یەک بگرن و پشتی یەک بگرن و پشتیوانی بکەن لە خەباتێک کە خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درێژەی پێ دەدەن. من پێم وایە ئەگەر ئەو یەکگرتوویە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک بێ، زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەو خەڵکە سەرکوت بکات و تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشەیان بکات کە ئێستا تێدا هەن.

**شەماڵ تەرغیبی: پەیام بەبۆنەی ساڵیادی دەسپێکی شۆڕشی ژینا**

دەمەوێ ئەوە بە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بڵێم کە بزووتنەوەی ژینا لەگەڵ ئەوەی بوو بەهۆی لەدەستدانی ژینا خۆشەویستەکانمان، شەهیدبوونی زیاتر لە سەت کەس، ئەشکەنجەدان و بێحورمەتیکردن بە خەڵک کە ژمارەیەک لەوان هەتا ئێستاش لە زینداندان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی کورد دەترسێ و نیگەرانە. من پەیامی یەکگرتوویم هەیە بۆ خەڵکەکەمان و لام وایە خەڵک لە ڕۆژانی ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، دیسان بەگوێرەی توانا و ئیمکانیان مانگرتن و خۆپیشاندان وەڕێ دەخەن و دژایەتیی خۆیان پێشان دەدەن. هیواداریشم کە ئەو خەبات و بەربەرەکانێیە جارێکی دیکە لەگەڵ هەموو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران شکڵێکی یەکگرتووتر بەخۆیەوە بگرێ. ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بێگومان، پشتیوانی ئەو ڕاپەڕینەین، پشتیوانی ئەو بزووتنەوەیە و ئەو داخوازە ڕەوایانەین خەڵک لەسەر شەقامەکان داوای دەکەن. ئەوە حەقی ئەوانە ژیانی باشتر بە کەرامەتتر و ئەمرۆیانەتر شایستەی خەڵکی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە. من سەرکەوتنی زۆر خێراتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین



**(دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی "لەپێناو یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" لە فرانکفۆرتی ئاڵمان)**

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکان**

جێگای خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوانگەی گشتیی بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتیش ڕوانگەی ئەم حیزبە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پلاتفۆرمی "هاوپەیمانیی گشتگیر"تان پێ ڕادەگەیێنم.

ڕوانگەی ئێمە بە سەرنجدان بە ئەزموونی دوورودرێژ و مێژوویی سەرەڕۆیی ئێرانی، لە بنەڕەتدا ئاراستەکەی بەرەو داهاتوویە. داهاتوویەک کە لەودا "ئێرانێکی تر"، بونیات بنرێ. ئێرانێک کە تێیدا ئیرادەکان دژی تەواویەتخوازی بە هەر چییەتی و قەوارەیەکەوە بن. ئێرانێک کە ڕاستییەکانی نێو جوغرافیا سیاسییەکەی، جێگرەوەی ئەفسانە تەواویەتخوازانە

کۆن و ئایینییەکان بن. ڕاستیگەلێک کە لەواندا، کۆمەڵگاکان، بەپێی ئێختیار و ئیرادەی خۆیان و وێڕای مافی یەکسان، پێکەوەبوون ئەزموون بکەن و شوناسیان بە فەرمی بناسن. وەبیر خۆمان دێنینەوە کە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، بەستێنێکی مرۆڤانە و دوورەدیمەنانەی نوێنەرایەتی دەکرد کە دەفرایەتی و توانای بنیاتنانەوەی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردووی هەیە، ئەویش گرێدراو بەو ناسین و تێگەیشتنە قووڵەیە کە لە گوتارە بونیادی و پێشکەوتوانەکاندا هەمانبێت.

ئەمڕۆ دێموکراسی وەک بەستێنێکی سەرەتایی، توانای وەڵامدانەوەی بە زۆربەی پرسیارەکان لەسەر شوناس هەیە. لە دۆخی ئێستاشدا، ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕزگاریدەری کوردستان و هەروەها بزووتنەوەی شوناسخوازیی نەتەوە ژێر ستەمەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، خۆمان لە بازنەیەکدا پێناسە دەکەین کە لەوێدا سیاسەتی دێموکراتیک و سەقامگیر و بنەڕەتیی داهاتووی ئێران، ژێربینای چارەسەرکردنی پرسەکان بێت نەک سیاسەتی حاشا و سەرکوت.

ئەوەیکە لە ئەسڵەکانی "هاوپێوەندیی گشتگیر"دا هاتووە، مافی مرۆڤ لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی وەها هاوپێوەندییەک لە داهاتووی ئێراندا دەبێ. ڕوانگەی ئێمە بەنیسبەت مافی مرۆڤ، ڕوانگەیەکی پراکتیکییە. بە واتایەکی دیکە مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەو پلاتفۆرمی یەکگرتووییەوە، دەرهاویشتەی تێگەیشتوویی و ناسینێکە کە بەڕێوەبردنی گرینگتر لە گەڕانەوەی بۆ یاسای بنەڕەتییێکە کە ئەگەری هەیە دیاری بکرێت. چونکە دانپێدانان و بە فەرمی ناسینی فرەچەشنی بە ڕاستییەکی گرینگ دەزانین هەتا پرسێک کە دواتر و لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت.

بە فەرمی ناسینی ئێران وەک جوغرافیایەکی چەند نەتەوەیی پرسێک نییە کە لە داهاتووی ئێرانی ئازاددا و لە یاسای بنەڕەتیدا بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکوو لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا، پرسێکی تەواو سروشتی و ئاشکرایە کە دانپێدانان پێیدا لە دۆخێکی تایبەتدا دەتوانێ بەردی بناغە و پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕی کردەیی بە پرسەکانی مافی مرۆڤی و پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا بێ.

ئێرانی ئەمڕۆ لەسەر دوو پرسیاری نکۆڵیکردن دامەزراوە. لەلایەک ئازادی و مافی تاکەکەسیی مرۆڤەکان لەلایەن نیزامە دیکتاتۆرەکان لەو جوغرافیایەدا ڕەت کراوەتەوە و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی شوناسخواز لەلایەن نیزامە تەک شوناسی_قەومییەکان بە گێڕانەوەی باستانی و ویلایەتمەدار و بە بیانووی تەواوییەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەیی، سەرکوت کراون. لێرەدا پرسێکی حەیاتییە کە وڵامێکی پێویستمان بۆ ئەمە هەبێ و چوارچێوەیەکی ڕوون و دوورەدیمەنێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین.

بۆ دروستکردنی بەستێنێکی گۆڕان لەو دۆخە بەستوویەدا، هاوپێوەندیی لەو چەشنە هاوکات لەگەڵ قەبووڵی فرەچەشنی و

زۆرینە و بنەجێکردنی، دەتوانێت ڕێگای کرانەوە بێت بۆ چارەسەریی دێموکراتیکی پرسە کەڵکەبووەکان لە ئێراندا. لە هەمان حاڵدا نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین ئەویش ئەو بەرچەسپانەیە کە لەو هاوپەیمانییانە دەدەن. چونکە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرماوەی بیرۆکەی تەواوییەتخوازی هەروا زیندوون تا هێز بدەنە فەزای حاشا و سەرکوت لە جوغرافیای ئێراندا.

بە هەر حاڵ ئەرکی ئێمەیە تا بە سینگ فراوانی، یەکیەتی، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندیی زیاتر، وێنایەکی باشتر و عەقڵانیتر بە بیروڕای گشتی بدەین، وێنایەک کە نموونەی ئەومان لە مانگەکانی سەرەتای بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دیت. وێنایەک کە تەنیا لە دوای ئازادی و ڕزگاری لە تەواوییەتخوازی بوو. چونکە باوەڕ ئەوە بووە و هەیە کە دەتوانین لەگەڵ یەکتری بین و داهاتوویەکی جیاواز دروست بکەین. بۆیە سەرەتیی ئێمە لە دۆخی ئێستادا تەنیا خەبات و هاوپێوەندی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە بەڵکوو دانی پلاتفۆرمێکی گشتگیرە کە توانایی نوێنەرایەتی فرەچەشنیی نەتەوەیی و شوناسی ئەو جواغرافیا هەمەڕەنگەی هەبێ.

## دۆستانی بەڕێز

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین. وێڕای پابەندبوون بە ئەسڵەکانی چەسپاو لەو یەکیەتییەدا، هێنانەدی و وەگەڕخرانی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا گرێدراو بە یەکیەتیی کردەوەی لایەنەکانی ئازادیخواز و بە پێویستیی پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دەزانین. ئەوەیکە دەبێ پێی لەسەر دابگرینەوە ئەوەیە کە دێموکراسیی قووڵ و مافی مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەسەر ئەساسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لەسەر پێ بێت و پرسیارەکانی وەک دەسەڵات، دادپەروەری، کەرامەت، مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەی شوناسخواز و ژێر ستەم لە ئێراندا بێوەڵام نەمێنێتەوە. وەها خوێندنەوەیەک دەتوانێ ئیمکان و خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ کۆتایی بەخشین بە تەواویەتخوازی. بۆیە پێویستە کە بەرژەوەندیی بەرانبەرمان و هاوپێوەندیی گشتگیر و بەردەوام سەرمەشقی بیر و کردەوەی هەر کام لە لایەنەکان بێت تا بیسەلمێنین ئەگەر تاران، ئازەبایجان، کوردستان، سیستان و بەلووچستان، ئەحواز، تورکمەن سەحرا، مازەندەران و... لە سەر ڕێگا نەبن ئێران هەرگیز نابێتە گوڵستان.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک




ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاندبوو ئەمانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسەی "لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" فەرمیکردنی گەڵاڵەیەک لەژێر ناوی ئەسڵەکانی هاوبەش بۆ وتوویژ لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک بووە.

لەو گەڵاڵەیەدا هاتووە: "بنەما هاوبەشەکان بۆ وتوویژ لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک ١٢ خاڵی لە خۆ گرتووە. لە پێشەکیی ئەو خاڵانەدا هاتووە: "بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بزووتنەوەیەکی سێکۆلار، فرەچەشن و مۆدیڕنە کە بووەتە هۆی هاوپێوەندیی بێوێنەی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران."

لە مادەی یەکەمی ئەو ئەسڵی هاوبەشدا پێداگری لەسەر قەبووڵکردنی دێموکراسی لەسەر بنەمای پلۆرالیزم، ئازادیی بەیان، ئازادیی دامەزراندنی ڕێکخراوە سیاسی و سەندیکاییەکان و باوەر بە مافی یەکسان و وەکیەکی ژن و پیاو و لابردنی هەڵاواردنی مەزهەبی، ڕەگەزی و ئێتنیکی کراوە. لە درێژەی ئەو ئەسڵەدا هاوبەشدا کە لایەنەکان واژۆیان کردووە، جەخت

لەسەر قەبووڵکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی وەک لابردنی هەڵاواردنی نژادی، مافی کرێکار، منداڵان. ژنان و قەدەغەکردنی ئەشکەنجە کراوەتەوە.

بەپێی ئەو گەڵاڵەیە ئەساسی هاوبەش لە حکوومەتی داهاتووی ئێراندا کۆمارییە کە دێموکراسیی پارلمانی بێت. ئەساسی هاوبەشی دوو هاوپێوەندیی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر پێداگریی لەسەر جیاکردنەوەی سێ هێزی ئەسلی (یاسادانان، دادوەری و بەڕێوەبەری) و سەربەخۆیی تەواوی ئەو هێزانە کردووە.

لایەنەکانی نێو ئەو گەڵاڵەیە لەسەر بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانی ئێتنیکی و نەتەوەیی ڕوانگەی هاوبەشیان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرەڕای بە فەرمی ناسینی ئەو جیاوازیانە دەبێ هەموو جیاوازییەکان لە مافی سیاسی،

کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی وەک یەکیان هەبێ و دەبێ لەو چوارچێوەیەدا ئیدارەی هەرێمەکانی خۆیان بەدەستەوە بگرن. مافی خوێندن بە زمانی دایکی بەفەرمی دەناسێ و زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندی دەناسێنێت. لە بواری سیاسەتی نیزامی و ئەمنییەتی خوازیاری هەڵوەشانەوەی تەواوەتیی سپای پاسدارانە و ئەرکی ئەسلیی ئەرتەش لە ئێرانی داهاتوودا بەرگری لە هێرشی دەرەکییە. هەروەها ئەساسی هاوبەشی لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا ڕێزدانانی بەرانبەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە.

ئەو گەڵاڵەیە لەسەر بواری گەشەسەندن بۆ پاراستنی ژینگە بەبێ هەڵاواردن و دروستکردنی بەستێنێکی قایم و هاوسەنگ پێداگری دەکات.

بنەما هاوبەشەکان ڕای وایە هۆکاری ئەسڵیی گۆڕان لە ئێران و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێزی خەڵکی نێوخۆی ئێرانە و لە هەمان کاتیشدا خوازیاری پشتیوانیی جیهانی و کۆمەڵگەی دێموکراتیک لە خەباتی خەڵکی ئێرانە. واژۆکەرانی ئەو گەڵاڵەیە ڕایانگەیاندووە کە ئەو گەڵاڵەیە خۆی گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراوە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا هەتا لەسەر ئەساسی ئەو بتوانن لەگەڵ هێزەکانی چالاکی لە بیاڤی سیاسەتی ئێران هاوپێوەندییەکی گشتگیر پێک بێنن. واژۆکەرانی ئەو بەیانییە لە دەسپێکی کاری خۆیاندا ڕایانگەیاندووە کە دابینکردنی هاوپێوەندییەکی گشتگیر پێویستی بەوە هەیە کە دیالۆگ لەسەر ئەساسی هاوبەشی بێت. کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک کە ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی لە فرانکفۆرت بەڕێوە چوو، بە خوێندنەوەی پەیامدەرانی کۆنفرانسەکە دەستی پێ کرد. بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنفڕانسە لە بەیاننامەی دەسپێکی خۆیاندا

ڕایانگەیاندووە کە دابینکردنی یەکگرتوویەکی گشتگیر پێویستی بە دیالۆگی هاوبەشە. بەڕێوەبەران ئاکامی کۆنفرانس و هەوڵدان بۆ دیالۆگ لە نێوان هێزەکانی ئێران لە راستای پێویستیی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە قەڵەم دەدەن.

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆنفرانسەدا مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزبی دێموکرات ڕوانگەی خۆی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان خستە بەر باس. بەڕێزیان لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "ڕوانگەی ئێمە بەپێی ئەزموونی لەمێژینە و مێژوویی ملهوڕیی ئێرانی لە بنەڕەتدا گرێ دراوە بە داهاتوو. داهاتوویەک کە لەوێدا ئێرانێکی دیکە دروست بێت. ئێرانێک کە لەوێدا ئیرادەکان گرێدراو بن بە حاشا لە تەواوەتیخوازی لە هەر شکڵ و ماهیەتێکدا بێت.

هیجری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەو مەسەلەیە کرد: " ئێرانی ئەمڕۆ، لێکەوتەی دوو پرسیاری حاشایە. لەلایەک ئازادی و مافی تاکەکەسی تاکەکان لەلایەن نیزامە دیکتاتۆرەکان لەو جوغرافیایەدا حاشای لێ کراوە و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی شوناس لەلایەن نیزامە تەک شوناسی - قەومییەکان بە گێڕانەوەی باستانی و ویلایەتمەدار و بە بیانووی تەمامیەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەیی سەرکوت کراون. بۆیە پرسێکی حەیاتییە کە وڵامێکی گونجاومان بۆی هەبێ و چوارچێوەیەکی ڕوون و دوورەدیمەنێکی دیاریکراوی بۆ دیاری بکەین.

لە بەشی پرسیار و وەڵامی کۆنفڕانسدا خالید عەزیزی وەک نوێنەری دوو هاوپەیمانیی واژۆکەری ئەو گەڵاڵەیە لەسەر ئەسلە هاوبەشەکان وڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە. بەڕێزیان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە پێویستیی ئەو پرۆژەیە چییە؟ گوتی: "ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکی هاوبەشە لەنێوان کۆنگرە و هاوپێوەندیی گشتگیر. ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ حیزب و تەنانەت هاوپەیمانییەک بە تەنیا ناتوانێت داهاتووی ئێران دابڕێژێتەوە و ئەوە ڕاستییە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا خۆی نیشان دا. بۆیە ئەو پرۆژەیە بۆ وتووێژە و لە پرۆسەی ئەو وتووێژەدا دەتوانێت پوختەتر ببێت و پێویستە بخرێتە بەر دیدی لایەنە جۆراوجۆرەکان.

عەزیزی لەسەر مافی ئێتنیکی لەو پرۆژەیەدا باسی لەوە کرد: "ئێمە باوەڕمان بەو پرسە هەیە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئێتنیکی دەرفەتێکە نە هەڕەشە. هەروەها وتی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو هەندێک گەڵاڵە لە بارەی داهاتووی ئێران لەلایەن گرووپە جیاوازەکان درایە دەرێ کە ئەو گەڵاڵانە مەودایەکی زۆری لەگەڵ ڕاستییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هەبوو. بەڕێزیان جەختی لەسەر دەفرایەتییەکانی خەباتی کۆمەڵگەی ئێران، بزووتنەوە مەدەنییەکان وەک بزووتنەوەی مامۆستایان، ژنان، خوێندکاران و کرێکاری جەختی کردووە و باسی لەوە کرد کە کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرە و ڕووخان دەچێت و لەسەر ئەو ئەساسە پەیامی ئێمە پەیامێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو

پەیامێکە لەسەر ئەساسی پێویستییەکانی کۆمەڵگە و هەڵاواردنەکان هەر بۆیە ئەسلەکانی هاوبەش دەتوانێت ئەساسی وتووێژ لەگەڵ بزووتنەوە مەدەنییەکانی نێوخۆی ئێران بێت.

لە بەشی سێهەمی کۆنفرانسەکەدا دوو پانێل هەبوون. لە پانێلی یەکەمدا خاتوو موونا سیلاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەهواز و پەرویز نەویدی لە حیزبی چەپی ئێران و ئۆمای ڕادمێهر لە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان قسەیان کرد.

خاتوو سیلاوی لە قسەکانیدا خۆیدا جەختی لە پێویستیی پێناسەیەکی نوێ لە ئێران کردەوە، لە ئێرانێکدا کە ئیتر خەڵکێکی زۆر لە بەشەکانی ئێراندا نیگەران نەبن وهەڵاواردن لەژێر ناوی جیاوازی وەک تەمامیەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەییدا شتێکی ئاسایی نەبێت. بەڕێزیان لە قسەکانیدا باسی لە یاسای کۆماری ئیسلامی کرد کە لەسەر ئەساسی ئەو یاسایە زیاتر لە سێ لەسەر چواری کۆمەڵگای ئێران تووشی هەڵاواردنی سیستماتیک بووەتەوە.

پەرویز نەویدی، ئەندامی شورای ڕێبەریی حیزبی چەپ وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەبەهابوونی ئەو گەڵاڵە هاوبەشە، لەسەر هاوپێوەندییەکی گشتگیر لەسەر ئەساسی دێموکراسی قسەی کرد و گوتی ئەو گرووپە سیاسییانەی باوەڕیان بە دێموکراسی، کۆماری و پلۆرالیزم هەیە لەگەڵ ئەوانیش بکەوینە وتووێژ.

ئۆمای ڕادمێهر لە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان وێڕای جەختکردنەوە لەسەر خواستەکانی خەڵک لە شەقامەکاندا لەسەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران پێداگری کردەوە.

لە پانێلی دووهەمدا دوکتور حەسەن لاجوەردی باسی لە فێدرالیزم کرد کە ڕێگاچارەیەک بۆ پێشگرتنە لە هەڵوەشانەوەی ئێران. مینا خانی چالاکی فێمێنیست؛ لەسەر مافی ژن و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان LGBTQ و لابردنی هەڵاواردن لەو کۆمەڵگەیانە وەک پێوەری باوەڕ بە دێموکراتی و مافی مرۆڤ لە قەڵەم دا.

پانێلی کۆتایی کۆنفرانس لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک تەرخان کرابوو بە پرسیار و وڵام. لەو پانێلەدا حەسەن شەرەفی و یوونس شاملی بە نوێنەرایەتی لە دوو هاوپێوەندییەکە وڵامی پرسیارەکانیان داوە.

کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە نێرگز محەممەدی کرد کە وەک براوی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠٢٣دا هەڵبژێردراوە.

هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا لە ١٤ حیزب و لایەنی سیاسی پێک هاتووە. ئەو هاوپەیمانییە لە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا لە ڕێکەوتی ٧و٨ی ١٤٠٢ی هەتاوی لەگەڵ هاوپێوەندیی شوڕای دێموکراسیخوازانی یەکی گرت. شوڕای دێموکراسیخوازانیش هاوپەیمانییەک بوو کە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی لە ١٠ لایەنی هاوبەشە پێک هاتبوو. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵیش لە ١٢ حیزب و لایەنی سیاسی پێک هاتووە کە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە.

١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوتره




**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا چلوپێنجەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی بەڕێوە برد و دەیهەوێ لە ١١ی ڕەشەمەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری هەم ڕەواییەتی درۆیین بۆ خۆی وەرگرێتەوە، هەم بە ئەندازیاریی ئەم دوو ناوەندە حکوومەتییە بناغەی دەسەڵاتەکەی قایم بکات. لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییە کەڵەکەبووەکان کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرییەکانی ناوچەدا بە سەری مارەکە دادەنرێ و پتر لە هەر کاتێک قەیرانخوڵقێنییەکانی ئەم ڕێژیمە ناوچەی بەرەورووی بشێوی و شەڕ کردووەتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان و دوورەدیمەنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەری وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفای بەڕێز خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە چییە؟ ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشانەدایە و کارتێکەریی ئەو دۆخە لەسەر پرسی کورد بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە و چ دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەمێژ ساڵە پڕاوپڕە لە کێشە و ناتەبایی، کێشەی تایفی، ئایینی، گەندەڵی، سەرەڕۆیی سیاسی و هەموو ئەو دیاردانەی لەدژی قازانج و بەرژەوەندیی دانیشتووانەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە. لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوەی ئیسرائیل دەستی پێکرد و دەبینین ئێستا گەیشتۆتە کارەساتێکی مرۆڤی؛ وڵاتانی ناوچە زۆر نیگەرانن لەو وەزعەی هاتووەتە پێشێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی جیهانی دەیەوێ شەڕەکە کۆتایی پێ بێ و ئیسرائیل لە تەنیشت وڵاتێکی فەلەستینی بەڕەسمی بناسرێ و دوولایەن بتوانن بەئارامی و بەئاشتی لە دراوسێیەتیی یەکتریدا بژی، بەڵام هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ڕێگاچارەیە سەر نەگرێ کە لە پێش هەمووماندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا دەڵێ ئیسرائیل وڵاتێکی جەعلییە و دەبێ تێکەوەپێچرێ. بێجگە لەوە حەماس کە یەکێک لە دەستپەروەردەکانی ڕێژیمی ئێرانە و چەک و پارە و ئیمکاناتی لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ دابین دەکرێ، ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ ئیسرائیل لەبەین بچێت. بۆیە لە واقعدا زەمینەی ئەوەیکە وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشتی ئیسرائیل پێک بێت بۆ ئەوەیکە ئەو کێشانە بۆ هەمیشە کۆتاییان پێ بێت دوورەدیمەنێکی زۆر نزیک نییە، بەتایبەت ئەگەر دیققەتمان کردبێ ئێستا لە ئیسرائیلیش بۆ خۆی حکوومەتێکی ئێستا دەستی ڕاستی لەسەر کارە و ئەوانیش بەهیچ جۆر هەتا ئێستا ئامادە نەبوون خۆیان لەو ڕێگەچارەیە بدەن. کەوابوو هۆکار بۆ ئەوەیکە ئەو شەڕە درێژتر بکێشێت و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەردەوام بێت زۆرن. ئەوەش کە ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدایە دەتوانم بڵێم ئێران چەقی کێشەکانە. چونکە مەسەلەی ئیسرائیل و لەبەینبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک لە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمە و ئەو گرووپە نیابەتییانەش کە پێکیان هێناوە و ساڵانێکی زۆرە تەیاریان دەکات، وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، حوسییەکانی یەمەن، ئەوانیش ئێستا بە شێوەیەک لە شەڕەکەدا لە دژی ئیسرائیل بەشدارن. دوای چەندین مانگ لەو شەڕە دەبینین هەتا ئێستا هێزەکانی ئیسرائیل ژمارەیەکی بەرچاویان کوژراون، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی غەزە تێداچوون و یەکجار زۆر بریندار شەڕ هەیە و وڵاتێک کە وێران بووە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاستیدا بێجگە لە چەند کەسێک لە فەرماندەکانی کە بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە کوژراون زەرەرێکی دیکەی ئەوتۆی نەکردوە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی هەتا بەرژەوەندییەکانی بخوازێت ئەوە شەڕە درێژ دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەم نین ئەو ستراتیژیست و چاودێرە سیاسییانەی پێیان وایە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە نەزمی جیهانی و نەخشەی سیاسیی وڵاتان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک چەقی ئەو ڕووداوانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیدایە. بەڕێزتان ئەمە بە دەرفەت بۆ پرسی کورد، بەتایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینن یان هەڕەشە؟

**مستەفا هیجری**: لە سەرەتادا کە شەڕەکە دەستی پێکرد ئەو گومانە بەهێز بوو کە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەڕێوەیە، بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی نزیک بە پێنج مانگ لەو شەڕە تێدەپەڕێ ئەوەیکە هەم بە قسە و هەم بە کرداری کۆماری ئیسلامی و لە خودی ئیسرائیل و لە ئەمریکا کە پشتیوانی یەکەمە بۆ ئیسرائیل لە هەمووی ئەوانە بیستوومانە و دیتومانە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربڵاوتر نەبێتەوە و وڵاتانی دیکەی تێوە نەگلێن. ئەوەش کە لە حەماس، حوسییەکان، یا هێندێک لە هێزەکانی نیابەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەشدارییەکی کەمیان بە هاویشتنی درۆن و مووشەک کردوە، بەڵام ئەوانە هیچکام هۆکار نین بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربەرینتر بێتەوە؛ چونکە کۆماری ئیسلامی ترسی لەوە هەیە ئەگەر لەوە بەرینتر بێتەوە زەبری قورس بخوا و لە ئێستادا بە هیچ جۆر ئامادەیی ئەو شەڕەی نییە و توانای نییە بیباتە پێشێ. هەڵبەت بۆ ئیسرائیلیش کارێکی بەزەحمەتە کە لەوە زیاتر ئەو شەڕە درێژ بێتەوە، هێزەکانی زۆر ماندوون و حەولەکە ئەوەیە هەر بەو شکڵە بمێنێتەوە. تەنانەت دەگوترێ کە لەوانەیە لە مانگی ڕەمەزاندا شەڕەکە کۆتایی پێ بێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئیسرائیل لەو شەڕەدا چەندە بەو مەرجانەی داینـاوە پێی دەگات. بەڵام بەگشتی لام وایە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەو شەڕە بە شێوەیەک کە وڵاتی ئێرانی بەتەواوی تێوەگلێ و ئیسرائیل بەرەیەکی فراوانتر لەو شەڕەدا بکاتەوە بەزەحمەتی دەبینم.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا چەند ڕۆژ لەوەپێش کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی تێپەڕ کرد. لەو پێوەندییەدا پرسیار دەکەم دەستکەوتەکان و خەسارەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ خەڵکی ئێران چی بوون؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ دەسکەوتێک نییە هەتا قسە لێ بکەین، بەڵام خەسارەکانی بێسنوورە. بەشێک لەو قەیران و خەسارانەش کە دەیبینین هێشتا ئەوە تروویکی کێوە سەهۆڵەکەیە و ئەوەی دیکە دیار نییە و تەنانەت ڕەنگە هەتا ڕووخانی ڕێژیمیش نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ دنیا دەرنەکەوێ کە ڕەهەندەکانی ئەو خەسارەتە کە لە باری ژینگەیی و مرۆییەوە لە ئێران کەوتووە چەندە زۆر و گەورەیە. لە باری دەستکەوتیشەوە ئەو شۆڕشە نەک هەر دەستکەوتی نەبووە بەڵکوو ئەگەر پێشتر خەڵکی ئێران لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان توانیبوویان هێندێک ماف و دەسکەوت بەدەست بێنن، ئەو دەسکەوت و مافانەشیان لە دەست چوو. بۆ نموونە لە بابەت مافەکانی ژنان، کەمایەتییە ئایینییەکان و لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیدا کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەوانەشی لە چەنگی خەڵک دەرهێنایەوە.

**عەلی بداغی**: ئەدی جەنابت قەبووڵتە کە بڵێین ڕەنگبێ تەنیا دەستکەوتی ئەم شۆڕشە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، بەڵام بە ئامانجەکانی شۆڕش کە دابینبوونی کۆمەڵێک ماف بوو نەگەیشت؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ناو و عینوانی حکوومەتەکانم زۆر بۆ مۆهیم نییە، گرینگ نێوەرۆکەکەیەتی.

حکوومەتی پاشایەتیی دەتوانێ دێموکراتیک یان دیکتاتۆری بێت، ئەمە هەر ئێستاش لە زۆر وڵاتی دنیادا دەیبینین. بۆیە جمهووریش هەر بەو شکڵەیە. کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکوومەتێکی جمهووری دەزانێ بەڵام هیچ نیشانەیەک لە جمهوورییەت، لە ئیرادەی خەڵک و هاوبەشیی خەڵک لەو حکوومەتەدا نابینی. بۆیە تەنیا ئەوە کە حکوومەتی شا ڕووخا و حکوومەتێکی بەناو کۆماری جێی گرتەوە ئەوە بە دەستکەوت نازانم. ڕاستە ڕێژیمی پەهلەوی ئازادییەکانی بەرتەسک کردبۆوە و ئازادیخوازانی سەرکوت دەکرد و بەڕاستی خەڵکی ئێران هەڵەی نەکرد لەوەدا کە شۆڕشی کرد، بەڵام مەبەست لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی ئەوە نەبوو حکوومەتێکی وەکوو ئەوەی ئێستا بێنێتە سەر کار. خۆ ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش قەبووڵ کرا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بێتە شێوەی حکوومەتداری، ڕاستییەکەی ئەوە بوو هیچ کەس تەجرووبەی لەوە نەبوو. ڕەنگبێ تەنیا دەسکەوتێک لەو شۆڕشەدا ئەوە بێت خەڵکی ئێران کە حکوومەتی پاشایەتییان دیتبوو، حکوومەتی ئیسلامییشیان تاقی کردوە و دەتوانم بڵێم لەوە بەدوا ئیدی حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک لە ئێراندا نابینین.

**عەلی بداغی**: پشکی کورد لە ئێران لە ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا چی بووە؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو خەڵکی ئێران زەرەری کردوە، بەڵام ئەو خەسارەی بەر کورد کەوتوە و قوربانیدانی خەڵکی کورد لە ڕەوتی خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر زیاترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە تەنیا لە یەکساڵەی بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٤٩٧ کەس لە خۆپێشاندانەکاندا کوژران کە ١٤٨ کەسیان کورد بوون کە ئەو ژمارەیە لە کوژراوانی کورد بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی کورد لە ئێران ئامارێکی یەکجار زۆرە. لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتی خەڵک، بێبەشکردنیان لە بوودجەی گشتی، دواخستنی کوردستان لە ئاوەدانی و پەرەسەندنی ئابووری، لەو جیاوازیدانانەی زۆر بەئاشکرا نەک هەر ئەوانەی لە قانوونی ئەساسیدا بەڕەسمی کراون بەڵکوو لەوەش زیاتر کە بە نایاسایییش جیاوازی دادەنرێ لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە؛ بەپێی زۆر فاکتەر کورد لە زیان و خەسارەکانی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاترین بەشی بەرکەوتوە و کورد گوتەنی پشکی شێری پێ بڕاوە. هەڵبەت هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ کورد بەشێوەیەکی پەیگیر و بەبێ دوودڵی دژی ڕێژیم خەباتی کردوە و ئەو خەبات و تێکۆشانەی درێژە داوە. لەبیرمانە سەردەمانێک هێندێک لە خەڵکی ئێران وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەدیت و تەقەددوسێکی ئاسمانییان پێ دابوو و بەو جۆرەی ڕاگەیەندرا لە ڕێفراندۆمەکەدا سەتا ٩٨ی خەڵکی ئێران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا. بەڵام کورد دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و سەنگەری خەباتی هەڵبژارد، چونکی دەیزانی ڕێژیمێکی بەو نێوەرۆکە ناتوانێ ئازادیی گەلانی ئێران و مافە ئینسانییەکانیان دابین بکا. بۆیە لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو خەباتە هەم ڕەهەندی ئاگایی و وشیاریی پتری وەرگرتوە و هەمیش ڕادیکاڵتر بووە کە ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینادا دیت.

**عەلی بداغی: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕا و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەبات. گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ کۆماری ئیسلامی لە چیدایە؟ ئایا ئەوەندەی ئەو هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم گرینگە بۆ خەڵک مەوزووعییەتی هەیە؟**

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئەو هەڵبژاردانانە بۆ خەڵک گرینگ نییە، چونکە ئێستا ئیدی کەلێنی نێوان ڕێژیم و خەڵک زۆر گەورە بووەتەوە حاڵەتێکی وا هاتۆتە پێش هەرچی لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕێژیم بێت ئەوە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێرانە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا شانۆیەکی هەڵبژاردن بەڕێوە ببات لە واقعدا تەنها بۆ پاراستنی شکڵی ئەوەی کە ناوی ناوە جمهووری بۆ ئەوەیەتی و دەیهەوێ بەتایبەت بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێ لە ئێران هەڵبژاردن دەکرێ و خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن و ڕێژیمەکە پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە. دەیهەوێ کۆمەڵێک خەڵک لەسەر سەندووقەکانی دەنگدان کۆ ببنەوە تەنیا بۆ ئەوەی لە چاوی کامێراکانەوە پێشانی بدا خەڵک ڕەوایی بەو حکوومەتە دەدەن و تێیدا بەشدارن. دەنا بەپێی ئایدۆلۆژیی دینیی خۆیان ئەمە حکوومەتێکی ئاسمانییە لەسەر کارە و خەڵک تەنیا وەزیفەیانە ئیتاعەت بکەن. ئەو دامودەزگایانەش دایانمەزراندونە کە یەک لەوان مەجلیسە، لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە ڕەسمییەت بدا بەو بڕیارانەی لە سەرەوەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەدرێن، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی وەلیی فەقیهەوە. تەنیا بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئەوان لایەنی قانوونی پێ بدرێت و بەسەر خەڵکیدا بسەپێندرێ. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنانە بەناو هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنی خەڵک نییە، هەڵبژاردنی حکوومەتە. حکوومەت نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ و نوێنەرەکانی خۆیشی لەپێشدا لە ناوەندێکی دیکە بەناوی شوڕای نیگابان هەڵبژاردون و لە بەردەم خەڵکی داناون هەتا خەڵک لەنێو ئەوانەدا هەڵبژێرن و هەموو ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن نەک هەڵبژاردەی خەڵک، بەڵکوو هەڵبژاردەکانی نیزامی سیاسیین. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی قەتیان نەشاردۆتەوە بۆ ئەوان دەنگی خەڵک ئەهەمییەتێکی نییە. لەبیرمانە ماوەیەک لەوە پێش کە باسی ڕیفراندۆم هاتبووە گۆڕێ، خامنەیی بەئاشکرا لە دانیشتنێکدا ڕایگەیاند بۆ مەگەر خەڵکی ئێران ئەوەندەیان تێگەیشتن و لێکدانەوە هەیە بێن لە ڕیفراندۆمدا بەشدار بن؟ پێشتریش بۆ نموونە کاتێک ئەحمەدینژاد بۆ دەورەی دووهەم بە ساختەچیێتی لە پۆستەکەی داندرایەوە و خەڵک هاتنەسەر شەقام، بە خەڵکەکە گوترا "خەس و خاشاک!"

بەکورتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ئیحتیاجێکی بە دەنگی خەڵک نییە، چونکە باوەڕیان وایە هەڵبژاردەی ئاسمانن و خەڵک فەقەت دەبێ ئیتاعەت بکەن، بۆیە خەڵک نابێ لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار بن، چونکە ئەگەر بەشدار بن خزمەتیان بە بەرەوپێشچوونی ئەو ئیدئۆلۆژییە کردوە و تەمەنی ئەو کارەساتانەیان درێژ کردووە کە تاکوو ئێستا هەر لەژێر چاوەدێری ئەو جۆرە مەجلیس و ئەو شوڕای نیگابان و باقی دامودەزگاکاندا ڕوویان داوە. دیارە ئەوەش هەیە کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم لە باری ئەوەی خەڵک زۆرتر بتوانن بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش گرینگترە. چونکە

لەلایەکەوە لە بزووتنەوەی ژیناوە خەڵک بەتەواوی ڕووی قسەیان خستە سەر ناوەندیی بڕیار لە ئێران کە خامنەییان مەبەست بوو و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دا. بۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە ئێستا بە شێوەیەک بیسەلمێنێ مەشرووعییەت و ڕەوایی دەسەڵاتەکەی هەر لەجێی خۆیەتی و لەوەش بەتەواوی دەترسن و دەزانن کە بەشداریی خەڵک یەکجار لانیکەمی دەبێت.

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردوە؟ بۆچی پێتان وایە بەتایبەت خەڵکی کوردستان نابێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟

**مستەفا هیجری**: هەر وەک پێشتریش باسم کرد ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک نین، بەڵکوو هەڵبژاردنی کەسانێکن کە لە مەجلیسدا بڕیارەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بۆیە وەختێک هەڵبژاردنی نوێنەری خەڵک نییە خەڵکیش نابێ بەشداری بکەن. بێجگە لەوە لە بنەڕەتدا دەنگی خەڵک لەو سیستەمەدا هیچ کاریگەری و شوێندانەرییەکی نییە و خەڵکیش ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە و لەسەر ئەوە باوەڕن کە نابێ بەشدار بن. بۆیە خەڵک نابێ بەشداری ئەو دەنگدانە بن، تەنانەت ئەگەر قەرار بێت دەنگی سپیش بدەن هەر نابێ بچنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی نەبنە ئامرازی تەبلیغات بۆ ڕێژیم و شانۆگەرییەکەی.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەگەر بابەتی هەڵبژاردنەکان بەجێ بێڵین، شۆڕشی ژینا وەک خاڵگۆڕانێک لە مێژووی ناڕەزایەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی چ داهاتوویەکی خستووەتە بەردەم خەڵک و حیزبە سیاسییەکان؟ خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چییە؟

**مستەفا هیجری**: دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستاش لەگەڵ بێ خەڵک هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕێژیمە شارەزا بوون و بەرەبەرە لێی کشاونەتەوە و لێی دوور کەوتوونەوەتەوە. خۆ ئەگەر هەتا جووڵانەوەی ژیناش ژمارەی کەسانێک هەبوون کە باوەڕیان وابوو ئەو ڕێژیمە دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێ، یان کاتێک ڕێژیم لەنێو قۆڵەکانی خۆیدا دوو جەمسەرییان ساز دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، یان لەو شوێنانەی پێکهاتەی حەشیمەتەکەیان لە نەتەوە جیاوازەکان بوون هێندێک بابەتی دیکەیان بۆ دنەدانی خەڵک بۆ بەشدارییان دەورووژاند، ئەمە کۆتایی هاتوە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە چەندین شاری ئێران خۆپێشاندان کراوە، خەڵک لە هەموو سینفی جۆراوجۆر ناڕازین. بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو کە بزووتنەوە خەڵکی لەو تەوەهووماتی ئیسلاحتەڵەبی هێنایە دەر. خەڵکی یەکدەست و یەکپارچە کرد و ئەو پەیامەی دا کە هەموو ئەو قەیران و کارەساتەی بەسەر خەڵکی ئێران هاتوە، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کۆتاییان

دێت. بۆیە خەڵک ڕەئیسی هێرەمەکەی کردە ئامانج و بینیمان لە جووڵانەوەی ژینادا سیمبولەکانی ڕێژیمیان هێنایە خوارێ و شکاندیانیان و ئاوریان تێبەردان. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر پێش بزووتنەوەی ژینا خەڵک لە دڵی خۆیدا دژی ڕێژیم بوو بەڵام بەو سەراحەت و ڕوونییە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و خامنەیی قسەیان نەدەکرد؛ بەڵام لە بزووتنەوەی ژینادا ئیدی ئەو پەردانە نەمان. بزووتنەوەی ژینا هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ خەڵکی دنیای سەلماند کە تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی ئێران ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک وەدی دێت.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو فۆرمە لە خەباتی نێوخۆی کوردستان چییە؟ ئەوەی ئێمە لە ناشتنی سێ شاخەوانەکەی نەغەدە و وەرزشکارەکەی خەڵکی سەقز بینیمان، ئەوەی ڕۆژانە لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەیانبینین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ لەگەڵ ئەوەیکە ئەو شێوە خەباتە ڕیشەدارە و پێشتریش لە نێو کوردستاندا شکڵی گرتبوو، بەڵام بزووتنەوەی ژینا ئەوەی بەهێزتر کرد بەو مانایە کە بە خەڵکی نیشان دا خەڵک دەبێ یەکپارچە و یەکدەنگ بێ لە هەموو ڕووداوەکاندا. خەڵک بەو قەناعەتە گەیشت تەنیا خۆیەتی کە دەبێ فریای خۆی بکەوێ و پێش ئەوەی چاوی لە وڵاتانی دەرەوە بێ ڕزگاری بکەن یا هەر هێزێکی دیکە یارمەتیدەری بێت، بۆخۆی دەبێ یەکگرتوو بێت. ئێمە لەو ساڵ لە کوردستان ئەوەمان هەم لەو چەند ڕووداوەدا کە ئاماژەتان پێ کرد دیت کە پێشتریش نموونەی ئەوانەمان بۆ نموونە لە بوومەلەرزەکەی کرماشان یان ڕووداوەکانی ژینگەپارێزیدا دیتبوو. ئەمن پێم وابێ ئەوە بەنرخترین دەرس و ئەزموون بوو کە خەڵک فێری بوون ئەوە ڕێگایەکی تازەیە کە بە خەڵکی نیشان دا دەبێ لەوە بەدواش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان ئەو ڕێگایە بەر نەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێوەندیی نێوخۆیان بەهێزتر و بەتواناتری بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک کۆبەندی باسەکەمان و دواپرسیار، کاک مستەفا بفەرموون لە دۆخی ئێستا و لە فازی نوێی خەبات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی خەڵک، ئەرکی ڕێکخراوەکان، ئەرکی حیزبە سیاسییەکان یان بەگشتی نەخشەڕێی خەباتی ئێستا و داهاتوومان چییە؟

**مستەفا هیجری**: هەروەک باسم کرد ئێستا دوای ٤٥ ساڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران لەو تەوەهۆم و دوودڵیە دەرهاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێت یا بە قازانجی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. ئێستا خەڵک یەکدەنگ دەڵێن ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوات و کۆماری ئیسلام بۆخۆیشی ئەو پەیامەی وەرگرتوە. بۆیە ئەوەندە ترسەی لە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕێ‌نیشتوە کە بە هەموو شێوەیەک خەریکە سەرکوتی دەکات. ئێمە دەبینین لە گرتنەکان، لە ئەشکەنجەدانەکان و جۆرەها سەرکوت کە تەنیا بە عەقڵی ناقسی کۆماری ئیسلامی دەگات کە لەگەڵ خەڵک

بیکات، وەکوو ئەوەیکە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان منداڵانی قوتابخانەکانی ژارخوارد دەکرد و زۆر شتی دی کە ناچمەوە سەری. مەسەلەکە ئەوەیە خەڵک ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر و ئەو ڕێگەیە دەبێ درێژە بدات و نابێ کۆڵ بدات.

ئەگەر ئێستا هەموو شانازییەکی ڕێژیم بەوەیە مووشەکی هەیە و بەوە درواسێیەکانی دەترسێنێ، دەمەوێ ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی خۆشەویست و تێکۆشەری کوردستان بدەم ئەوانە هیچی نیشانەی بەهێزی و بەتوانایی ڕێژیم نییە، بەڵکوو هەمووی لە ترسانە و کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە گیانەڵڵا و دوا پەلەقاژەکانی مانی خۆی دەکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان زۆر باش دەزانن کە چەندە لاوازن و فەقەت لە هەمبەر خەڵکدا بە سەرکوت بەهێز دەنوێنن. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هەموو ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە لە دژی حەماس دەیکا و خەریکە یەکێک لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەفروتوونا دەکات، کەچی کۆماری ئیسلامی بەو حاڵەشەوە ئەو جورئەتە بە خۆی نادا بەشێوەی ڕاستەخۆ بچێتە نێو ئەو شەڕەوە. چونکی دەزانێ بەرگە ناگرێ و پشتیوانیی خەڵکی وڵاتی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە من دەگەڵ هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی هاتووە و دەگەڵ ئەو هەموو ژیانە ناخۆشەی خەڵکی ئێران لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە هەیانە؛ بەڵام من لە ئێستادا دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو کاتێک نزیکترە.

٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت




**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و بارودۆخی حیزب پاش ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق لەگەڵ بەڕێزیان وتووێژێکی کردبوو. "کوردستان" ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا پێش ئەوەی تایبەت باس لە پرسی هەڵبژاردنەکان بکەین، پێم باشە جەنابت خوێندنەوەیەکی گشتی لە وەزعی سیاسیی ئێستای ئێران بکەن.

**مستەفا هیجری:** لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێران دەبێ بڵێم کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەتاکوو ئێستا سیاسەتەکەی بەپێی ئێدئۆلۆژییەکەی دارشت بۆ ئیدارەکردنی وڵات. ئەو سیاسەتە ڕۆژ بە ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر گیرو گرفت و قەیران و نارەزایەتی لەنێو خەڵکیدا پێک بێت تاکوو گەیشتۆتە

بارودۆخێک کە ئێستا خەڵکی ئێران تێیدایە. بارودۆخێکە نە سیاسەتەکانی لە نێوخۆی وڵات سەرکەوتوو بووە نە لە دەرەوە، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی نیزام و ئیدئۆلۆژییەکەیدا چووەتە پێش. لەبیرمانە لە سەرەتادا خەڵک هیوا و هۆمێدی بە کۆماری ئیسلامی بەستبوو، پێیان وابوو بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو ڕێژیمی پێشوو باشتر لە خزمەتی خەڵکدا دەبێ. لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا کە ئەودەم لە واقعدا مەسەلەی بەرەی چەپ و سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتیی شۆرەوی لە ئارادا بوو، ئەوانیش دڵیان بەوە خۆش بوو ئەو ڕێژیمەی تازە هاتۆتە سەرکار لەبەر ئەوەی دژی ئەمریکا قسە دەکا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەوان بێت. تەنانەت ئورووپا و ئەمریکاش کیسەی گەورەیان بۆ هەڵدووریبوو بۆ ئەوەی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران دامەزرێنن و ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە پارێزراو بێت. بەڵام دیتمان کە هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەوانە پێچەوانەکەی دەرچوو. ئێستا ئێرانێک دەبینین خەڵکەکەی لە برسیەتی و لە نەداری و لە نەهامەتی قەیرانی زۆر و بەرفراوان دەناڵێنێ. بێجگە لەوە کەرامەت، ویستی ئازادیخوازی، نەتەوەخوازی و هەموو ئەو ماف و داخوازییانەی خەڵک هەیانە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڕەسمی ناسراوە، هەمووی لەلایەن ڕێژیمەوە پێشێل دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە زۆر کەس ناچار بووە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بۆ ئەوەیکە بتوانێ ژیانێکی باشتر بەدەست بێنێ ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە. هەرچەند ڕۆژ لەوە پێش بینیمان ژمارەیەک لەو کۆچبەرانە لە کەناراوەکانی ئیتالیادا بەلەمەکەیان وەرەگەڕا و ژمارەیەکی زۆریان تێدا چوون. ئەوە بارودۆخێکە بەگشتی خەڵکی ئێران تووشی بووە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی خۆی بە ڕووسیە و چینەوە هەڵواسیوە، ئەگینا بە هۆی سیاسەتەکانیەوە مایەپووچ هاتووەتەوە و هیچ کوێ نییە ڕووی تێ بکا، ئەوانیش لەو پەڕی ئیستفادەکردندان لەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی جۆرەها ئیمتیازاتیان دەداتێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئەم دوو وڵاتەی هەبێت. لەو ساڵانەی پێشوودا کۆماری ئیسلامی بە عەرەبستانی سعودی دەگوت "مانگای شیر بدە بۆ ئەمریکا"، بەڵام ئێستا بۆ خۆی بووەتە مانگای شیر بدە بۆ ڕووسیە و چین، لە حاڵێکدا ئەوانیش کۆماری ئیسلامی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیانی نازانن و تەنیا دەیدۆشن. هەر نموونەی زۆر زیندوو هەڵوێستی ئەمدواییانە چین و ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ سێ جەزیرەی تونبی گەورە، تونبی چووکە و ئەبوومووسادا بوو کە نەک هەر پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی نەکرد، بەڵکوو دژی ئەو ڕایان دا. ئەوەیکە ئێستا لە دەرەوەی ئێران بە دەست ڕێژیمەوە ماوە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیان کە کۆماری ئیسلامی لە ڕوی ماددی، چەکوچۆڵ و ڕاهێناوە کۆکوپۆشتەی کردوون و ئەوانن ئێستا لە واقعدا بەرگری لە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بۆیە بە قەوڵی فارسەکان "علی مانده و حوضش."

شەڕی غەززە و پەلهاویشتنی بۆ لوبنانیش کۆماری ئیسلامی دەخاتە نێوان دوو بەرداش کە ئایا بەشداری دەکا لە شەڕ دژی ئیسرائیل بە پشتیوانی حیزبوڵڵا کە بێتوو ئەمە ڕوو بدا تووشی زەربەی زۆر گەورە دەبێ. خۆ ئەگەر پشتیوانی لە لوبنانیش نەکا ئەوجار میلیشیاکانیشی نامێنێ. لە ڕاستیدا چەندی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بڕوا هەر ئەوەندەش زیاتر نەگبەتی و بەدبەختی بۆ خەڵکی ئێران بە دی دێ و نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەربڵاوتر دەبێت.

**عەلی بداغی**: ڕێژیم لە بارودۆخەدا بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە سەرقاڵە. ڕاستە ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی مەرگی ڕەئیسییەوە پێشوەختەیە و نیزیک ساڵێک زووتر بەڕێوە دەچێ، بەڵام جیاواز لەوە، تایبەتمەندی یان جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە چاو هەڵبژاردنەکانی دیکە چییە؟

**مستەفا هیجری**: سەرفینەزەر لە ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان هەروەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەڵام لە هێندێک شتدا دەتوانم بڵێم جیاوازی هەیە، ئەویش بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی ناوچە و دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی. یەکێک لەوانە پرسی هەڵکشانی تەمەنی وەلی فەقیهـ و جێنشینیی ئەوە کە دوای نەمانی خامنەیی کێ جێی دەگرێتەوە و وزعی ئێران چی لێ دێتەوە؟ بابەتێکی دیکە ناکۆکیی نێو قۆڵەکانی ڕێژیم تەنانەت ئوسولگەراکانیش لەگەڵ یەکترییە، ئەوەیکە ڕۆژانە لە کاناڵە جۆراجۆرەکان دەیبیستین. دیارە ئەوە بۆ ئەوە نییە کیسەی بۆ هەڵدوورین و پێمان وابێ ئەوانە شەڕەکەیان لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و خزمەتگوزاری، ئازادی و بەراوەردەکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکە؛ بەڵکوو کێشەکەیان لەسەر دەسەڵاتی پتر لەو نیزامە سیاسییە گەندەڵە بۆ تاڵانیی زیاترە. ئەگەر خامنەیی نەمێنێ ئەو کێشە نێوخۆییانە بێگومان زیاتر سەر هەڵ دەدەن، چ لەنێو لایەنە سیاسییەکان، چ لەنێو دامودەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم، ئەرتەش و سپای پاسدارانیش.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە ئێمە بە ماوەیەکی نیزیکی چەند مانگ لەوەپێش لە ١١ی ڕەشەمەدا دو هەڵبژاردنی دیکەی ڕێژیممان بەڕێ کرد و بینیمان بەشداریی کەمی خەڵک ڕێژیمی تاساند. لە شارێکی وەکوو تاران کە هەشت مێلیون کەس مافی دەنگدانی هەیە، کەمتر لە ٢٥٪ بەشداریان کرد و ژمارەی دەنگی بەشێک لەو نوێنەرانەی تاران ئەوەندە کەم بوو کە لە دەوری یەکەم هەڵنەبژێردران و لە دەوری دووهەمدا دەنگەکانیان لە دەوری ٣٪ و ٤٪ بوو. مەجلیسێک کە بە ناوی نوێنەری خەڵک دەبێ بڕیار بدات و یاسا دابنێ بە دەنگی ٣٪ و ٤٪ ناتوانێ نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە بکا بۆیە ئەو مەجلیسە بەتەواوی نامەشرووعە. بێجگە لەوە ئەو هەلومەرجەی چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بێتە پێشێ و ئێران تووشی هێندێک گیروگرفتی تازە ببێتەوە، ئەوانە هەموویان ئەو جیاوازییانەن کە دەتوانم بڵێم ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا دیاردەی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەپێدان بە هاتنی مەسعوود پزیشکیان کاندیدایەکی بەناو ڕیفۆرمخوازە. بە بڕوای جەنابت پزیشکیان چی دەوێ؟ پەیام و گوتارەکەی چییە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی باشتر لە هەموو لایەک دەزانێت ئاستی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان چەندە دابەزیوە و خەڵک ئەو حکوومەتەی ناوێت. بۆیە زۆر نیگەرانە لەوەی ئەمجارەش بەشداریی خەڵک لەوەش کەمتر بێت، بۆیە

پێویستیان بە کەسێک بوو بتوانێ هەژانێک و گەرموگوڕییەک بخاتە هەڵبژاردنەکانەوە. بۆ ئەوەش کەسێکیان دیاری کردووە کە پشتیوانیی ئیسلاحتەڵەبەکانی هەبێت. هەرچەند بۆخۆی دەڵێ من ئۆسوولگەرایەکی ئیسلاحتەڵەبم بەڵام ئەویش ساڵانێکی دوورودرێژ بە پشتیوانیی خامنەیی بەرپرسایەتیی گەورەی پێ سپێردراوە و هەر لە سایەی ئەو پشتیوانییەشدا ئێستا هاتۆتە ڕیزی بەربژێرەکان. ڕێژیم بەو هۆمێدە هێناویەتی بتوانێ قەیرانەکانی ئێستای پێ تێپەڕێنێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا نییە ئیجازە بدا کەسێکی بە مانای ڕاستی ئیسلاحتەڵەب ببێتە سەرۆککۆمار، چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا کە هێرەمی دەسەڵات بەردەوام لاوازتر بووە و لێی هەڵ دەوەرێ، بەرەوڕووی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووەتەوە. بۆیە ڕێژیم هەموو هەوڵ و تەقالای ئەوەیە حکوومەت پتر یەکدەست بێت و چ ئەندام پارلمان یان سەرۆککۆمار یا بەرپرسەکانی باڵای سپای پاسداران و ئیتلاعات هیچ زاوییەیەکی فکرییان لەگەڵ وەلی فەقیهـ نەبێت.

**عەلی بداغی**: واتە ئەرکی پزشکیان تەنیا بۆ بردنەسەری ئاستی بەشداریی خەڵکە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پزیشکیان بۆخۆشی ئەوە دەزانێ، بۆیە دەڵێ ئەمن هاتووم بۆ ئەوەی ئاستی بەشداریی خەڵک بەرمە سەرێ. بەشێکی دیکەی قسەکەی پزشکیان ئەوەیە دەڵێ ئەمن لەژێر مەنوییاتی وەلی فەقیهـ و یاسا و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکەم. دەی باشە خۆ ئەوانەیکە تا ئێستا هاتوونەتە سەر کار هەر لە ژێر مەنویاتی ڕێبەردا کاریان کردوە، وەکوو ڕەئیسی. کەوابوو بۆ خەڵک چە دەگۆڕێ، هەر ئەو سیاسەتەیە کە درێژەی ئەوانەی پێشوویە. ئێمە ئەزموونی ئەوەشمان هەیە ئەو سەرۆککۆمارانەی لەگەڵ وەلی فەقیهـ بە قەولی خۆیان زاوییە و جیاوازیی زۆر بچووکیان هەبووە چارەنووسەکەیان دیارە. هەر لە "بەنی سەدر"ەوە بگرە هەتا "کەڕووبی" و "مووسەوی". ڕەفسەنجانی گوتیان مەلەی نەزانیوە و لە حەوزی ئاودا خنکاوە! ئەوانەی دیکەش چ خاتەمی، چ ڕووحانی، تەنانەت ئەحمەدینژادێک کە کاتی خۆی خامنەیی گوتی ڕای وی لە هەموو سەرۆککۆمارەکانی دیکە بە من نزیکترە! بۆیە ئەگەر قەرار بێ پزیشکیان یا هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆککۆمار و کەمترین جیاوازیی لەگەڵ بووچونی وەلی فەقیهـ هەبێت، ئیمکانی نییە ئیجازە بدەن بێتە سەر کار. لە منازرەکانیشدا بینیمان کە پزشکیان هیچ ڕەخنەیەکی لە سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیم نەگرتوە، بەڵکوو لەسەر میکانیزمەکان کێشەی کردوە.

**عەلی بداغی**: پزیشکیان سەردانی سنەی کرد. لەوێ باسی ئەوەی کرد کورد بۆ ناتوانێ ببێتە ئۆستاندار؟ بۆ سوونییەک ناتوانێ ببێتە وەزیر یا ناتوانێ ببێتە کار بەدەستێکی پایەبەرز لەو وڵاتەدا؟ ئایا ئەوە ڕخنەیەکی جیددی بوو لە ساختاری کۆماری ئیسلامی، یان بە جۆرێک دابەزاندنی ئاستی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە سوونە مەزهەب و بە غیرە سوونییەکانیشەوە؟

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بڵێم ئەو قسانەی کە پزیشکیان و باقی کاندیداتۆرەکان دەیکەن لە واقعدا من بە گاڵتەکردن بە شعووری خەڵکی ئێرانی دەبینم، چونکە هەمووی ئەوانە هەرکامیان چەندین دەورە لە پۆست و بەرپرسایەتیی باڵادا بوون و هەتا ئێستاش بەتەواوی شەریکن لە هەموو ئەو نەهامەتی و بەدبەختیانەی تووشی خەڵکی ئێرانیان کردوە. ئەوان پێیان وایە ئەو خەڵکە حافزەی نییە و ئەوە فەقەت چاوی لە دەمی ئەوانە بزانێ دەڵێن چی و خەڵکیش بە قسەی ئەوان بکات. دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا ئەوە بووە، بە تایبەت لەو هەڵبژاردنەشدا پزیشکیان خۆی بە پێشکەتووتر دەزانێ لەوانی دیکە و باس لەوە دەکا لەنێو سوونییەکاندا خەڵکی باش هەیە و لەنێو نەتەوەکاندا خەڵکی هەڵکەوتوو هەیە و دەبێ ئەوانە بخوێنینەوە و بەرپرسایەتیان بدرێتێ. پزشکیان دەیەوێ وا نیشان بدا نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت کورد تەنیا دەغدەغە و کێشەیان ئەوەیە کوردێک ببێتە بەرپرس، لە بەلووچەکان کەسێک ببێتە بەرپرس و دەیهەوێ خواستی خەڵک دابەزێنێ بۆ ئەو چوارچێوەیە. لە حاڵێکدا خۆ ئێمە وەکوو کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە کێشەکەمان ئەوە نەبووە کورد ببێتە بەرپرس یا کورد نەبێتە بەرپرس، ئەمە لە ڕابردوودا و لە ئێستاش لە حکوومەتی ئێستادا بەلووچی تێدا هەیە، عەرەبی تێدا هەیە، تورکی تێدا هەیە و هەموو نەتەوەکانی تێدا هەیە. بەڵام ئەوانە کەسانێکن مەیدانیان پێ دراوە و کەسانێکن لە ویلایەتی فەقیهدا تواونەتەوە بەشێکن لەو حکوومەتە جەهەنەمییەی بەسەر خەڵکدا زاڵە. ئەوانەی لەو ڕێژیمەدا بەرپرسایەتی وەردەگرن نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری حکوومەتن و حکوومەت هەڵیبژاردوون، بۆیە ئەمن پێم وایە خەڵکی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ئەوەندە بەرزە ئامادە نابن لە مەیدانێکدا گەمە بکەن لە کۆماری ئیسلامی بۆی ئامادە کردوون. ئەو شێوە هەڵبژاردنە مەیدانێکە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە و خەڵک دەبێ لە مەیدانی خۆیاندا گەمە بکەن، مەیدانی خەڵکیش بە تایبەتی مەیدانی هاونیشتمانانی کورد ئەو مەیدانەیە بۆ خۆیان خوڵقاندوویانە و بە یەکگری خەباتەکەیان بۆ هاوپێوەندیی لەگەڵ یەکتری دژی ڕێژیم دەبەنە پێشێ. بۆیە ئەمن داوا و چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خەڵک لە مەیدانی بایکۆتکردندا بەرەوڕووی ڕێژیم ببنەوە و جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە بڵێنەوە و ڕیسوای نێوخۆ و دەرەوەی بکەن.

**عەلی بداغی**: بۆچی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی ئێران، بەتایبەت لە کوردستان گرینگە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو بایکۆتکردنە لەم ڕووەوە گرنگە خەڵک نیشان بدا ئەو ڕێژیمەیان ناوێت، نەک بێن لەنێو ئەو نوێنەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دەستچن کردوە، بە قەولێک بێن لەنێوان خراپ و خراپتردا هەڵبژێرن. ئەوان ئەوەی هەڵیانبژاردوە ئەوەیە ئەو ڕێژیمەیان لە تەواویەتیی خۆیدا ناوێ، کەوابوو لە هەڵبژاردنەکەشیدا بەشداری ناکەن؛ هەروەها لە مەیدانێکدا کە ئەو ڕێژیمە دروستی دەکات ئەوان کاری تێدا ناکەن. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە بە دنیای نیشان بدەین خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەلماندوویەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حکوومەتی وان نییە، بەڵکوو

بەسەریاندا سەپاوە.

**عەلی بداغی**: **لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین ڕووداوی گرنگ لە کوردستان ڕوویان دا کە ئەگەر ئێمە لانیکەم دووانیان بە نموونە وەربگرین یەکیان هەڵبژاردنەکانی ۱۱ی ڕەشەممەی ڕابردوو و دووهەمینیان نەورۆز بوو. بینیمان کە لە کوردستان بەڕاستی ئەم دوو ڕووداوە چەندە توانییان تەعبیر لە مافخوازی و شوناسخوازیی کورد لە ئێراندا بکەن. جەنابت ڕۆڵ و سەنگی حیزبی دێموکرات کە لەوانیشدا بەڕاستی دەرکەوت لە ئێستادا چۆن دەبینی. بە تایبەت دوای ئەم ڕووداوانەی دوو ساڵی ڕابردوو کە بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، واتە چۆن باس لە پێگەی و سەنگ و قورسایی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆیی وڵاتدا دەکەن؟**

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی گرینگن. زۆرتر لەو بارەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی هاتنەسەرکاریدا بە زۆر پیلان ویستوویەتی جووڵانەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەین بەرێ یان لاوازی بکا. بۆ ئەووەش هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی، بە تایبەتی لە دوای بزووتنەوەی ژینا کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بزووتنەوەیەدا چەندە شوێندانەر بوو، ئیدی دەستی کرد بە موشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستان. ئەو دۆخە لە ڕاستیدا کێشە و گرفتی بۆ ئێمە دروست کرد و خەڵکەکەمان بۆ ماوەیەک ناچار بوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بە جێ بێڵن، شەهید و بریندارمان دا و ئەو گیروگرفتانەمان هەبوو کە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ ئەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاساییە. چونکی کاتێک ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک لە بەربەرەکانی داین و بۆ مافی خەڵکەکەمان تێدەکۆشین کە ئەو مافانە ڕێک لە ڕاستای دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دەی ئەویش چی لە دەست دێ لەدژی ئێمە دەیکا و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەوانە زیاد دەکات. کەوابوو ئێمە دەبێ خۆمان بۆ هەموو کێشە و گوشارێک ئامادە بکەین ئەوە بەشێکیەتی کە ڕەنگە هێندێک کەس ئەو بەشە ببینێ و زەقی بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بڵێ وەزعی حیزبی دێموکرات و وەزعی جووڵانەوەی کورد خراپە. لە حاڵێکدا ئەمن بەپێچەوانەی دەبینم. ئەمن پێموایە لە ئێستادا جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشترین دۆخی سیاسی خۆیدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانێک کە بەو هەموو پیلانەی لەدژی گێڕاویانە و هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون خۆی ڕاگرتوە بە پشتیوانی خەڵک و بە توانای خەڵک حیزبی دێموکراتێکە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لە بەر دەستی زەلیلە کە پەنا دەباتە بەر بەغدا بۆ ئەوەی بە دژی ئەو حیزبە ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی لەگەڵی ئیمزا بکات. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو حیزبی دێموکراتە بەهێزە. بێگومان هەتا ئەوکاتەش دژی ئەو ڕێژیمە لە خەباتداین ئاساییە ئەو ڕێژیمە چی لە دەستی بێت دژی ئێمە دەیکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە دەگەڵ هەمووی ئەوانەدا جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا چۆنە، ئایا بەهێز بووە؟ یا

لاواز بووە؟ ئەمن لاموایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هەمیشە جێگەی ئێعتماد و باوەڕی خەڵکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتدا و لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیشدا گوێی لێ دەگرن و گرینگی پێ دەدەن و لە دنیاشدا ئێعتباری تایبەتیی خۆی هەیە. بۆیە ئەمن بە داهاتووی خەباتی حیزبەکەمان هیوادارم. بەڵام ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی ئێمە و ئەرکی کورد لە ڕۆژهەڵات قورستر دەکات کە مادام ئەو چاوەڕوانییە لە کورد و حیزبی دێموکرات هەیە، ئێمە دەبێ زیاتر وشیارتر و ئاگاهانەتر هەنگاو هەڵێنین لە پێناو درێژەدانی خەباتەکەماندا. ئێستاش هەر ئەوەیکە توانیومانە لە بەرانبەر ئەو هەموو هێرشانەدا خۆمان ڕابگرین نیشانەی ئەوەیە حیزبێکی بەهێزین، حیزبێکی بە توانایین و ئەو فشارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر کۆسپی نەخستۆتە سەر خەبات و تێکۆشان و سیاسەت و بیروبڕواکەمان، بەڵکوو ئێمەی پێداگرتر کردووە لە خەبات و بەرگری و خۆڕاگریدا.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## مستەفا هیجری: لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بەبێ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری چیتر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە



**(دەقی وتاری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە سیمیناری "ئێران لە ڕوانگەی کوردەکان، بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داهاتووی کورد لە ئێراندا" لە پارلمانی وڵاتی دانمارک)**

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بە دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی باڵادەست، پرسی نەتەوەیی و پرسی دێموکراسی لە جوغرافیای ئێران، وەک دوو پرسی سەرەکی خراونەتە پەراوێزەوە. ئەم دوو بابەتەش، پرسی سەرەکیی پێکهاتە نەتەوەییە بندەستکراوەکان بووە.

لە ڕوانینێکی گشتیدا، خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و ژیانێکی سەردەمیانە، چەقی هاوکێشە و ململانییەکانی نێوان ناوەند - پەراوێز بووە. ئەگەرچی سەرکوت و ستەمکاریی ناوەند لە ماوەی دەسەڵاتی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەردەوام بووە، بەڵام نەیتوانیوە خەباتی نەتەوە بندەستەکان لە پێناو مافەکانیان کەمڕەنگ بکاتەوە. بە پێچەوانەوە، وشیاریی سیاسی و گەشەی بیری نەتەوەیی لە لووتکەی خۆیدایە. بەڵگەی زیندووش بۆ ئەم ئیدیعایە، بزووتنەوەی ژینایە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بزووتنەوەی ئازادیخوازیی

پەراوێزخراوەکانی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد. بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بەربڵاوترین و ڕچەشکێنترین بزووتنەوەی بەگژ ناوەند دا کردەوە.

ناسنامەی نەتەوەیی کورد بنەمایەکی بابەتیی هەیە، لەوانە خاک، زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەش. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، نەتەوەی کورد ئیرادەیەکی گشتیی بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی هەبووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەکتەرێکی چالاک و دانەبڕاوی مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی ناوەند بووە. چوارچێوەی فکری و ئەو فەلسەفەیەی ئەم حیزبەی لەسەر دامەزراوە، دژی هەر جۆرە سەرەڕۆیی و پاوانخوازی و دیکتاتۆرییەکە. پێبەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی سەر جوغرافییای ئێران. نەتەوە بندەستەکان بە هاوپەیمانی سەرەکیی خۆی دەزانێ و لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی دیکەی ئێران کە باوەڕیان بە پرنسیپەکانی مافی نەتەوەیی و دێموکراسی هەبووە لە پەیوەندی دۆستانەدایە. ئەم حیزبە کە دامەزرانی لە ئەنجامی گەشەی بیری سیاسی و ڕێکخستنی نەتەوەیی بووە، هەموو تێکۆشانی لە پێناو دابینکردنی مافی نەتەوەیی کورد بووە لە ئێراندا.

حیزبی دێموکرات، لە هەر دوو سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، بە حیزبێکی نایاسایی ناسێندراوە و بەردەوام لە ئێران و دەرەوەی سنوورەکان کراوەتە ئامانجی پیلان و هەڕەشەی بەربڵاو و هەمەلایەنە. هەر لە سەرەتای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئەم حیزبە هەوڵی دا لە ڕێگای وتووێژەوە، چارەسەرێکی ئاشتییانە و دێموکراتیک بۆ پرسی نەتەوەیی کورد ببینێتەوە. بەڵام لەگەڵ دەنگی "نا"ی دەسەڵاتی ناوەندی بەرەوڕوو بۆوە. تەنانەت وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لەگەڵ نوێنەرانی تاران ئەنجامێکی نەبوو کە حیزبی دێموکراتیش تیایدا ئەندام بوو. دەنگی "نا"ی ڕێژیم، سیاسەتی" شەڕ لە کوردستان"ی بەدواوە هات. ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی "فەرمانی جیهاد"ی لە دژی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی ڕاگەیاند.

لە ئەنجامی سیاسەتی دژەمرۆیی و پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامیدا، جوغرافیای هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکان، بەتایبەتی کوردستان، دەقاودەق جوغرافیای سەرکوت و داگیرکاری بووە. هۆکارەکانی ئەم دژایەتییەی کورد و نەتەوەکانی دیکە و ئیرادەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ناوەند دەبێ لە دووتوێی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، هەڵسەنگێندرێت و لێک بدرێتەوە. لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی سەرکوت لە ئاست داواکاریی مافی مرۆڤدا پەیڕەو کراوە. لە هەرێمی نەتەوە غەیرەفارسەکان، بەتایبەت لە کوردستان، لە هەموو شێوەکانی ئەمنییەتیکردنی ژیان و سیاسەتەکانی مەرگ کەڵک وەرگیراوە تاکوو دانیشتووانی لە مافەکانی خۆیان بێبەش بن. سیستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای

دژایەتیکردنی مافی نەتەوەیی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ئایینی و هەر جۆرە بیرۆکەیەکی سیاسیی جیاواز ساز بووە.

بەتایبەت لەم ماوەیەدا، نەتەوەی کورد و جوغرافیای کوردستان زیاترین پشکیان لە ڕووی کۆمەڵکوژی، بەتاڵانبردنی سامان و سەرچاوەکان، کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان و هەوڵ بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان، سڕینەوەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە، نکۆڵی لە ئایینی یارسان و گوشار خستنە سەر باوەڕدارانی سوننە مەزهەب و، بەئەنقەست دواخستنی ئابووریی کوردستان بەرکەوتوە. ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەڕوونی نیشانی دەدەن کە بەنیسبەت ژمارەی دانیشتووانی، نەتەوەی کورد زۆرترین ڕێژەی ئێعدام، زیندانیکردن، تەبعید، ئەشکەنجە و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزانی لە ئێراندا هەبووە، بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا ٨٣٩ کەس لە سێدارە دراون، کە ١٩٩ کەسیان کورد بوون.

کوردستان خاوەنی کولتوورێکی فرەچەشنە و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بە هەر جۆرە بیر و باوەڕ و ئایینێکەوە پێکەوە هەڵ بکەن. بەڵام سیاسەتە نادێموکراتیکەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دژ بە کۆمەڵگەی فرەچەشنی کوردستانن. کوردستان هەمیشە نیشانی داوە کە بە نیسبەت ژنانەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر بووە و هەربۆیەش مەکۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا ئەمینی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بووە. بزووتنەوەی ژینا کە بە درووشمی" ژن، ژیان، ئازادی" مەشرووعییەتی لە ڕێژیم وەرگرتەوە، هەوڵێک بوو بۆ لابردنی ڕێژیمێک کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی مافی ژنانی سەرکوت کردوە. ئەم سەرهەڵدانە هەر بەخێرایی و بە پێشەنگایەتیی ژنان و لاوان، هەموو ناڕەزایەتییەکانی لە کوردستان و ئێران یەکدەنگ و هاوڕا کرد کە تا ئەم ڕێژیمە مابێ، هیچ مرۆڤێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی ئازاد و بەکەرامەت بێ. ئەگەرچی لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ بزووتنەوەی ژیناشدا بینیمان زیاترین کوشتن، سەرکوت و زیندانی هەر لە کوردستانن. لە کوردستان، تاکوو ئێستاش چالاکانی مافی مرۆڤ و مافی زمانی و ژینگەپارێزان بە تاوانی داکۆکی لە ئازادی و مافی ژیان، لەسێدارە دەدرێن یا زیندانیی درێژخایەنیان بۆ دەبڕدرێتەوە و سزا دەدرێن.

ئەم ستەمە نەتەوەییە، لە بنەڕەتدا بە ڕێگەی دانانی سنوورەکانی نابەرابەری لەنێوان ناوەند و پەراوێز پێک هاتوە کە ڕەهەندی جوغرافییایی، ئابووری، سیاسی، دامەزراوەیی، فەرهەنگی، زمانی، ژینگەیی و ئایینیی هەیە. پێناسەیەک کە لە ئێران سەبارەت بە نەتەوەکان دەکرێ لەگەڵ واقعی مێژوویی، جوغرافیایی و سیاسیی ئەم وڵاتە نامۆیە. ئێمە پێمان وایە سڕینەوەی سیستەماتیکی نەتەوەی کورد، درێژەدان بە سیاسەتی داگیرکاری، میلیتاریزەکردنی ژیان، و بێدەنگکردنی بیری جیاواز و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان هیچ ڕێگایەکی نەهێشتووەتەوە کە ئێمە وەک کورد بتوانین بیر لە سیستەمێکی سیاسی بۆ ئێرانی دواڕۆژ بکەینەوە کە لەسەر بنەمای یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئایین ساز بووبێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر جۆرە ئایدیۆلۆژییەک کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ ساز بووبێ، ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی ئێران و بەتایبەت پرسی کورد بکا. ئێمە وەک کورد پێمان وایە لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بۆ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری لە ئێران چی تر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە.

ئەگەر بڕیار بێ سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر بنەمای سەروەریی نەتەوەی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بێ، دیسان بازنەی بێئەنجامی سەرکوت و سڕینەوە دووپات دەبێتەوە کە تیایدا نەتەوە غەیرەفارسەکان بێبەش دەبن و بنەماکانی دیموکراسیش بوونی نابێت. دەبێ نیشانەکان و بنەماکانی ئێرانی داهاتوو سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. ئەمەش بێگومان لە هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی ناوەندەوە بەرەو بنیاتنانی سەروەریی هاوبەش و مافی یەکسانی هەموو نەتەوەکان تێپەڕ دەبێت.

شۆڕشی ژینا وەک ڕووداوێکی مێژوویی فرەڕەهەند لە زۆر ڕووەوە کاریگەری داناوە. دابڕانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی ژینا لە نەریتە دواکەوتووەکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، گۆڕانکارییەکی قووڵی بەدوادا هاتوە کە بەستەر و ژێرخانی گۆڕانکاریی گەورەترە. سەرکوت ڕەنگە بتوانێ ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو توندوتیژی ببات، بەڵام ناتوانێ بەربەستی بۆ دروست بکات. ئەم گۆڕانکارییە فکری و ڕیشەیییە لەسەر بنەمای ئەزموونێکی پڕتێچوو لە ستەم و بێمافی و هەست بە نەبوونی کەرامەت پێکهاتووە. بۆ ئێمەی کورد، بەو ڕادەیە کە وەلانانی کۆماری ئیسلامی ئامانجمانە، بەو ڕادەیەش پرسی نەتەوەیی و دیموکراسی دوو هێڵی سەرەکی و پرنسیپی نەگۆڕن. گرینگتر لەمانە، تێپەڕین لە هەر جۆرە عەقڵییەتێکی پاوانخوازە کە بیهەوێ ئەزموونی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی دووبارە بکاتەوە.

ئێمە داوا لە وڵاتانی ئازاد و دێموکڕاتیک دەکەین کە بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکڕاتیک، لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری، یارمەتی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی ئێران بدەن. سیستەمێک کە بە تێپەڕین لە نەریتی دواکەتووانە، کەرامەت بۆ ژیانی تاک و کۆی ئەم نەتەوانە مسۆگەر بکات.

١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرگای زۆر ئەگەر و هەلومەرج و گۆڕانکاریی نوێی بەڕووی ناوچەکەدا ئاوەڵا کردوە. کاریگەریی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی، ئەویش لە سێبەری ئەگەری پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دەکرێ هەم بە هەڕەشە و هەم بە دەرفەت بۆ جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دابندرێ. "کوردستان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەو گۆڕانکارییانە و شوێنداریی ڕووداوەکان لەسەر خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران کردوە.

**عەلی بداغی: کاک مستەفا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی گشتیی جەنابتان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، ئەویش بە سەرنجدان بە قەیرانی سیاسی و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بچینە نێو باسەکەمانەوە؛**

**خوێندنەوەتان بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران چییە؟**

**مستەفا هیجری**: دۆخی ئێستای ئێران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرینتربوونەوەی درزی نێوان حکوومەت و خەڵک درێژەی ئەو دۆخەیە کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو خراپتر چووە، تا گەیشتۆتە دۆخی ئێستا. پێشبینیی ئەو دۆخەش بە درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات، هەرێم و دونیا بەڕێوەی بردوە، شتێکی چاوەڕوانکراو بووە و بێجگە لەو ئاکامەی ئێستا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو. ڕووداوێک کە قووڵایی ئەم داماوی و کارەساتخوڵقێنییەی کۆماری ئیسلامی خێراتر و ڕوونتر دەرخست، ڕەهەندەکانی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بوو کە لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ دەستی پێ کرد. ئەمن لەو باوەڕەدام پێش دەسپێکی ئەو شەڕە ئیسرائیل زانیاری لەسەر ئەو ڕاستییە هەبوو کە لەباری توانایی هێزی ئاسمانییەوە لە ئێران بەهێزترە، بەڵام درێژەی ئەو شەڕە، بەتایبەت دوای هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤، بۆ ئیسرائیل دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا زۆر لەوە زیاتر لاوازترە کە ئیسرائیل بیری لێ دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە دڵگەرمی و هیوای زۆر بە توانای خۆڕاگریی حەماس و بەتایبەت حیزبوڵڵا لەو بڕوایەدا بوو ئەو دوو هێزە قەڵایەکی بەرگری بێئەملاوئەولای حکوومەتن، بەڵام ئەو شەڕە و بەتایبەت کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان و دەیان ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەری نیزانیی دیکەی ئەو گرووپانە، باڵادەستیی ئیسرائیلی لەباری شەڕی هەوایی و سایبرییەوە چەندقات زیاتر لە پێشوو بۆ بەرچاوی دنیا و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی دەرخست. هەڵبەت نابێ هەڵوێستی جیاوازی ئەمجارەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچەکە بەرانبەر بە جۆرێک لە خەمساردی بەرانبەر بە حەماس و حیزبوڵلا لەبیر بکەین کە دەکرێ بە نیشانەی ئەگەر نەڵێین دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لاوازیی پێگەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا سەیری بکەین. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیارە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆشەگیرییەکی سەختی سیاسی و ئابوورییەدا گیری کردوە. بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگترە، لاوازی و بێزراوبوونی زیاتری ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتە و بەهەر پێوانەیەکی لێکی بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات کۆماری ئیسلامییان ناوێ.

**عەلی بداغی**: بە سەرنجدان بە قسەکانی خامنەیی و فەرماندەرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری شەپۆلێکی دیکەی هێرشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل هەیە. لە ئەگەری ئەو هێرشەدا و لە بەردەوامیی ئەو دۆخەدا پێتان وایە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟

**مستەفا هیجری**: بێتوو کۆماری ئیسلامی هێرشێکی ڕاستەوخۆی دیکە ئەویش لە خاکی ئێران ڕا بکاتەوە سەر ئیسرائیل،

مەجالێکی باشتر دەڕەخسێ بۆ ئەوە ئەم وڵاتە هێرشێکی دیکە بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ئاستی وێرانکارییەکەی زۆر زیاتر بێ لە هێرشەکەی پێشوو، و شوێنە هەستیارەکان ئەو جارە بکاتە ئامانج، چوونکە بەدوای هەڵبژاردنی ترامپ دەستی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی ئەوتۆ ئاواڵەترە. درێژە پێدانی ئەو کێبرکێیەش زیاتر بە زەرەری ئێران تەواو دەبێ و، لە دۆخێکی ئەوتۆدا، مەترسییەکانی پەرەگرتنی زیاتری شەڕیش چاوەڕوان دەکرێ و پێناچێ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم دۆخە نەبینن و بێ‌لێکدانەوە بیانهەوێ هێرشێکی دیکە بکەنە سەر ئیسرائیل. بۆیە من پێشبینی ڕووبەڕوونەوەیەکی توند و هەمەلایەنەی نیزامی ناکەم.

**عەلی بداغی:** ئەم دۆخە سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامییەی ئێستا چ کاریگەرییەکی بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە ئێران داناوە؟

**مستەفا هیجری:** لەو دۆخە سیاسی ئەمنییەتی یەی ئێستادا کە شەڕەکە بەگشتی بە زیانی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە، سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن. خەڵک لە چووکەترین دەرفەت بۆ گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی و بێزاربوونی لە ڕێژیم کەڵک وەردەگرن و هەست بە یەکریزی و یەکگرتوویی زیاتر لە نێو گەلانی ئێران زیاتر دەکرێ. بەگشتی پێداگرتر بوون لە داخوازەکانی خۆیان، بەتایبەتی کە خەڵک لە تێکشکانەکانی ڕێژیم چ لە شەڕەکانی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنە و چ شکانی هێزە نیابەتیەکان خۆشی دەردەبڕن، و هەر ئەمە ڕێژیمی زیاتر لە پێشوو لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خستۆتە پەراوێزەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای نیگەرانی خەڵک لە داهاتووی ژیان و مەعیشەتیان بەڵام هیوادارترن و لە خەبات کۆڵیان نەداوە.

**عەلی بداغی:** زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە دەوڵەتی مەسعوود پزشکیان تێپەڕی و دەکرێ ئەم ١٠٠ ڕۆژی یەکەمە بە پێوەر بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت وەربگیردرێ. لەم بارەیەوە چۆن باس لە کارنامەی دەوڵەتی پزشکیان دەکەن؟ هەروەها لێکدانەوەتان بۆ هەندێ جووڵەی سیاسیی پزشکیان چییە، بۆ نموونە ئەوە کە بۆ یەکەمجار کوردێکی کردووەتە یەکێک لە جێگرەکانی خۆی، ئایا ئەمە دەکرێ بە کرانەوەی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا تەعبیر بکرێت؟

**مستەفا هیجری:** بەشێوەی گشتی سەت ڕۆژی سەرەتای دەست بەکار بوونی سەرۆککۆمارەکان بە پێوەر دادەنرێ بۆ چۆنیەتیی تێپەڕبوونی باقی سەردەمی دەسەڵاتیان. بەڵام من بۆخۆم لەمێژساڵە بەو قەناعەتە گەیشتووم لە ئێراندا سیستەمێکی ڕەقی نەگۆڕ و چەقبەستوو دینامیزمی جووڵە و کردارە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەویش ڕێبەری گشتی

(وەلی فەقیهـ)ە، سەرۆککۆماریش وەکوو باقی بەشەکان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە کە لە بەیتی ڕێبەری دەدرێن ئەرک بەڕێوەبەرن، لە ئێستادا ئەم شارەزایی و هەڵسەنگاندنە لە ڕادەی دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا و بگرە هەموو وڵاتانی ناوچەکەش هەروایە. بۆ نموونە لەو ساڵانەی دوایییدا زۆرجار لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتانەشمان بیستوە کە وتوویانە ئێمە لەسەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی حیساب دەکەین نەک درووشمەکانیان.

پێوەندیدار بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دیارە دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام نەک وەکوو کرانەوەیەک بەڕووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا. چوونکە کرانەوەی سیاسی پێناسەیەکی دیکەی هەیە کە بۆخۆی پێویستی بە شیکردنەوە و باسێکی زۆرترە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن.

**عەلی بداغی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا و بۆ ئاکامگیرییەک لەسەر ئەو بابەتە؛ پزشکیان ناوی دەوڵەتەکەی ناوە "وفاق ملی"، واتە یەکگری و هاوپێوەندیی هەمەلایەنەی هەموو ئێرانییەکان. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەش کە پزشکیان دەوڵەتی خۆی بە ناوی "دەوڵەتی وێفاق " دەناسێنێ هەر ناوێکی بێنێوەرۆکە. لە ئێراندا باوە هەر دەوڵەتێک ناوێکی بۆ دانراوە وەکوو "دەوڵەتی سازەندەگی" یان "دەوڵەتی وێفاق" و تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار کورد و یەکیان بەلووچ و... بێ دەوڵەت نابێتە دەوڵەتی وێفاق. لە کاتێکدا لە یاسای بنچینەیی (قانون اساسی)دا دەوڵەت لەسەر شەریعەتی ئیسلامی وێلایەتی فەقیه، تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، قسەکردن لەسەر دەوڵەتی وێفاق میللی زۆرتر وەکوو سەهۆڵی برژاو دەچێ! ئەو وێفاق و تەباییەش کە پزیشکیان باسی لێوە دەکات، ئەوەندەی نیشانی داوە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگە و خەڵکەوە نییە. ئەو باسی تەبایی نێوان جەناح و لایەنەکانی بەشدار لە ڕێژیمدا دەکات کە وک وتمان هیچ پێوەندییەکی بە خەڵکەوە نییە. هەرچەند بەو درز و کەلێنە فکری و ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییانەی کەوتۆتە نێو بەرەجۆراوجۆرەکانی ڕێژیمیشەوە، هیچ وێناچێ دەوڵەتی پزیشکیان تەنانەت لە پێکهێنانی ئەو وێفاقەشدا کارێکی پێ بکرێ.

**عەلی بداغی**: بابەتێکی ڕۆژەڤی دیکە گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپییە. لەو بارەیەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکرێ. پێتان وایە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەمریکا دۆخێکیتر لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست دەکات کە

کاریگەریی لەسەر خەباتی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی دابنێت؟

**مستەفا هیجری**: دۆناڵد ترامپ کەسایەتییەکی پێشبینی نەکراو و پراگماتیکە، بۆیە زۆر بەزەحمەتە لە ئێستاوە بڵێین بەڕوونی چۆن لەسەر ئێران بەرنامەڕێژی دەکا؛ بەڵام بەپێی هەڵسوکەوتی لە ماوەی سەرۆککۆماریی دەورەی ڕابردووی و هێندێک کەسایەتی گرنگی حکوومەتەکەی کە تا ئێستا دیاری کردوون. لەلایەکی دیکەوە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دەورەی پێشوودا، حەول دەدا کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر زەختێکی فرە ڕەهەند بە مەبەستی ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، ئاکامی ئەو زەختە دەتوانێ لە ڕاستای بێهێزترکردنی کۆماری ئیسلامیدا بچێتە پێش و بواری زیاتر بۆ پەرەگرتنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە نێوخۆی وڵات و کار و چالاکی زیاتری ئازادیخوازان بڕەخسێنێ. بەڵام خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک دوا پرسیار و ئاکامگیرییەکی گشتی لە باسەکەمان. ئەم ئەگەرانەی لە بەردەم کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدان و ئەو ئەرک و زەرووڕەتانەی کە دەبێ بە هەند وەربگیرێن کامانەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ناسراوە، زۆر لەوە لاوازتر و بەربڵاوترە کە بتوانێ هەلومەرجەکان بە قازانجی خەڵک بقۆزێتەوە. بۆیە کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیە کە دەبێ خۆی سازمان بدا. بۆ ئەم کارە پێش هەموو شتێک پێویستە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە هەموو پێکهاتەکانەوە زیاتر حیساب لە سەر هێز و بتانسێلەکانی خۆی بکات. لایەنە سیاسییەکانیش پێویستە بۆ مەسەلەی ئالترناتیڤسازی ڕوانگە و وەزەمان زیاتر ڕووی لە نێوخۆی وڵات بێ. ڕاستە ئەم کارە ئاسان نییە بەڵام پێویستە کاری لەسەر بکرێ.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

# لێدوان و پەیامەکان

## پەیامی پیرۆزبایی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی قوربانەوە



کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی جێژنی قوربانی لە موسوڵمانانی کوردستان و ئێران کرد.

**هاونیشتمانییانی وشیار و خەڵکی بەئەمەگی کوردستان!**

بەبۆنەی هاتنی جێژنی قوربان، جێژنی موسوڵمانانی جیهان، پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە هەموو خەڵکی ئیماندار و موسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکەم .

ئەم جێژنە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و هەرێمە نەتەوییەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران، بەشێک لە بنەماڵەکان بەهۆی ستەم و کوشتاری دەزگای سەرکوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، داخداری لەدەستدانی ڕۆڵە ئازیزەکانیانن. تا دێت، بەهۆی سیاسەتی چەوت و دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئەم ڕێژیمە، زەبروزەنگ و سەرکوتی هەمەلایەنەی

ئازادیخوازان پەرە دەستێنێت. لە دۆخێکی وەهادا، پێویستە ڕیزەکانی خەبات دژی ئەم ڕێژیمە پتەوتر و فراوانتر بکرێت تاکوو دوارۆژێکی ئازاد و دوور لە سەرکوت و چەوساندنەوە بێتە دی.

به هیوای جێژنی ڕزگاریی هەموو نەتەوە بندەستەکان.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سێشەممە ٦ی پووشپەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی

٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ١٠ی مانگی محەڕەم، ڕۆژی شەهیدبوونی ئیمام حوسێن




ئەورۆ ٦ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٢ی کۆچی، بەرابەرە لەگەڵ ١٠ی مانگی محەڕەم، ڕۆژی شەهیدبوونی ئیمام حوسێن.

پەیڕەوانی ئایینی شیعە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ماتەمینی، یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە.

بەم بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە هەموو پەیڕەوانی ئایینی شیعە، بە تایبەت هاونیشتمانانی کوردی شیعەمان لە ئێران دەکەین.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٦ی گەلاوێژی ١٤٠٢ی هەتاوی

٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

## مستەفا هیجری: ئەرکی سەرشانی خەڵکی کوردستانە بەهانای خەڵکی مەریوانەوە بچن




ئاگربەردان لە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا دەربڕی ئاگری ڕق و دوژمنکاری و کردنەئامانجی ژینگەی نیشتمان لەلایەن ڕێژیمی دژەخەڵک و دژەژینگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دارستانەکانی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەری، بە شێوەی گوماناوی ئاگریان تێبەردراوە و سەرەڕای هەوڵی بێوچان و خۆبەخشانەی ژینگەپارێزانی ناوچەکە و خەڵکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕوویان لە شوێنی ئاگرەکە کردووە، مخابن سووتانی دارستانەکان هەروا بەردەوامە و هەتا لە لایەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدەداتەوە.

ئەزموونی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، تەنیا هێزێک کە ئیرادەی پاراستنی خاک و سروشتی کوردستانی هەیە، هێزی جەماوەر و کۆمەڵگەی کوردستانە. هەربۆیە پاراستنی ژینگە، پاراستنی خاک و سروشت و جوانییەکانی نیشتمانە. بێگومان پاراستنی نیشتمان و بەگژداچوونەوەی ئاگری دوژمن، نەک تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی، ئەرکێکی گەورەی مرۆڤایەتیشە کە تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان لێی بەرپرسیارن.

هەر لەو پێوەندییەدا هەوڵ و تێکۆشانی ژینگەپارێزانی مەریوان و هاریکاریی چالاکانی ژینگەپارێزی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ دامرکاندنی ئەو ئاگرە، شیاوی پێزانینە. هەروەها ئەرکی هەموو کوردستانییانە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ، بۆ کۆنترۆڵی ئاگرەکە بەهانای خەڵکی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە بچن.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٢ی هەتاوی

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە




لە ڕۆژی جیهانیی لاواندا، بە پێویستی دەزانم بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە لاوانی کوردستان، ئێران و جیهان بکەم.

بەشێکی زۆری قورسایی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و ڕزگارکراو لە بندەستی، لەسەر شانی لاوانی کوردستان بووە. هاوکات یەکێک لە هۆیەکانی بەردەوامیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان ئەنجامی وزە و ئیرادەیەک بووە کە لاوانی کوردستان نەوە لە دوای نەوە بەم بزاڤەیان بەخشیوە. لاوان بە پەیوەستبوونیان بە ڕیزەکانی خەباتی سیاسی و گەرمڕاگرتنی ئیرادەی شەقامی کوردستان و پێداگری لەسەر دۆزی نیشتمانی، ئیجازەی ئەوەیان نەداوە کاروانی ڕزگاریی کوردستان بوەستێ.

فرەیی لە ڕوانینەکان و میکانیزمی گەیشتنی کوردستان بە ڕزگاری، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی نەوە لە دوای نەوەی لاوان بووە کە بیروڕای جیاوازیان هێناوەتە نێو ئەم بزاڤەوە و، نوێبوونەوە و سەردەمیانەبوونیان کردووەتە بەشێک لە پێناسەی کوردستانیبوون. بۆیە دەتوانین بڵێین زیندووبوونی گوتاری نیشتمانی لە کوردستان، بەرهەمی ئەو لاوانەیە کە وێنایەکی

جیاوازترین بەخشیوەتە بزاڤەکە و، لە چەقبەستوویی ڕزگاریان کردووە.

ئەگەر ئیرادە و وزەی لاوان لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو ئەم بزاڤە هەروا لەسەر پێ بێ و، زەحمەت بوو بتوانێ هەڵگری بەهاگەلێکی کوردستانی و مرۆیی وەک "ژن، ژیان، ئازادی" بێ.

جارێکی دیکەش ڕۆژی جیهانیی لاوان، لە هەموو لاوانی وریا و بەهەستی کوردستان پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

مستەفا هیجری

٢٠ی گەلاوێژی ١٤٠٢

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، "٧٨"ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات.



٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. سەرەتا ئەم ڕۆژە لە هەموو ڕێبواران و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی کوردستان پیرۆز بێت، لە هەموو ئەو شۆڕشگێڕە بەئەمەگانە پیرۆز بێت کە لە ڕیزەکانی خەباتی دەیان ساڵەی ئەم حیزبەدا گیانفیداییيان کردووە و نەوە دوای نەوە سەنگەری خەباتی پێشمەرگانەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

**لەم بۆنەیەدا وەبیرهێنانەوەی ئەم چەند خاڵە بە پێویست دەزانم؛**

- حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خاوەنداری و بەئەنجام گەیاندنی پرسی نەتەوەیی و دۆزی نیشتمانی دامەزراوە، تاکوو ئێستاش هەڵگری هەمان بەهایە و لەم پێناوەشدا خەبات دەکات.
- سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات ئەنجامی گەشەکردنی هزری نەتەوەیی و ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و هەردەم لەو سۆنگەیەوە خۆی پێناسە کردووە. پێوانەی هەموو سیاسەتەکانی واقع و بەستێنی کۆمەڵگەی کوردستان بووە.

- هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی لە یادەوەریی گشتیی کوردستانیياندا، پێداگریی ئەم

حیزبە بووە لەسەر ڕێبازی نەتەوەیی و هێڵی نیشتمانی. بە خۆڕاگری و بەرگریی مێژوویی لەو هێڵە، لە خەباتی خۆی هەروا بەردەوامە.

- ۲٥ی گەلاوێژ خاڵگۆڕانێکە و نیشتمانپەروەران بڕیار دەدەن ڕیزەکانی خۆیان ڕێک بخەن تاکوو یەکگرتووانە، پرسی نەتەوەیی بکەنە ڕێبازێکی هەمیشەیی. ئێستاش ئەم ڕێبازە، تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نیشتمانەکەمان.

- دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، چوونە نێو قۆناغی بزووتنەوەیەکی سەردەمیانە بوو بۆ بەرخۆدانێکی نیشتمانی بەرانبەر بە داگیرکەر. لەمڕۆشدا حیزبی دێموکرات پاڵی بە هەمان بزووتنەوەوە داوە کە نموونە بەرچاوەکەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە و ئامانجی سەروەری، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کەرامەت و ڕزگاریی مرۆڤەکانە لە بندەستی.

- ۲٥ی گەلاوێژ نوێنەرایەتیی ئیرادەیەکی نەتەوەیی دەکات. هەمان ئیرادە کە ڕۆڵەکانی کوردستان لە شار و شاخ وێنای دەکەن. وێنایەک کە پێشمەرگە ئامادە نەبووە ئەو ئیرادەیە بە دەستەوە بدات و خەباتکارانی شاریش ڕۆژانە هەروا سوور و پێداگرن و، ئیرادەی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکەر دەنوێنن.

لە دواییدا دەمهەوێت بڵێم ۲٥ی گەلاوێژ وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت. وەرچەرخانێک کە ئاراستەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ گەیشتن بە مافی سەروەری گۆڕی و لە هەمان کاتدا کوردستانیبوونی کرد بە ناسنامەیەکی هەمیشەیی و گوتارێکی نەتەوەیی.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

۲٤ی گەلاوێژی ۱٤۰۲ی هەتاوی

۲٤ی گەلاوێژی ۲۷۲۳

## مستەفا هیجری: لایەنی فرەڕەهەندییەکانی یەکگرتنەوەی دێموکرات سەرمایەیەکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە




**(پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٠ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات)**

ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا، بە ڕۆژێکی مێژوویی دادەنرێت. ساڵی ١٤٠١ و لە ڕۆژێکی وەهادا، ڕێبەرایەتیی هەر دوو لای حیزبی دێموکڕات پاش ١٦ ساڵ لێکدابڕان، بە هەست بە بەرپرسیارێتی و خوێندنەوەی زەروورەتی سیاسی و تەشکیلاتی، بڕیاری وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتیان گەیاندە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر.

ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەروبەندی دەستپێکی قۆناغی" بزووتنەوەی ژینا"دا و بە دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی"، بایەخێکی تەشکیلاتی و قورساییەکی سیاسیی ئەوتۆی هەبوو کە دواتر لەسەر شەقامەکانی کوردستان و باقیی بەشەکانی ئێراندا ڕەنگی دایەوە و، کاریگەریی خۆی لە هاوسەنگیی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی کوردستان، ئێران و ڕای گشتیی دنیای دەرەوەدا دەرخست، هەروەها بانگەوازی یەکگرتوویی و یەکبوونی بە گوێی ئازادیخوازانی ئێرانی گەیاند.

لایەنی ڕێکخراوەیی و سیاسیی ئەم یەکگرتنەوەیە و، ڕەهەندە گوتاری و مەیدانییەکەی، ئێستاش سەرمایەیەکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لێکگرێدانی بەها و دەستکەوتەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەرمایە و هێزی لەبن‌نەهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک قووڵاییی ستراتیژیکی خەبات و تێکۆشان، بەردەوامی و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە مسۆگەر دەکات. ئاماژەی سەرەکی لەم نێوەدا، ئەو ڕاستییەیە کە هێز لە یەکگرتووییدایە.

لەم ڕۆژەدا، سڵاو و ڕێز و ئەمەگناسیمان بۆ کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەیە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا شکۆی حیزب و پێشمەرگایەتییان هەروا لەسەر پێ ڕاگرتووە.

ساڵیادی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی، ئەندام، لایەنگر، کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە پیرۆز بێت.

مستەفا هیجری

٢٩ی گەلاوێژی ١٤٠٢

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## پەیامی پیرۆزبایی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسوڵمانان



لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسوڵمانان، حەزرەتی محەممەد، پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە هەموو باوەڕمەندان و پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام دەکەم.

هیوام وایە ئەم بۆنەیە ببێتە هەوێنی پێکەوەژیان و ئاشتی لەنێوان تێکڕای باوەڕمەندان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و باوەڕە جیاوازەکان. هەروەها پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە سەرجەم موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران دەکەم.

بە هیوای تەبایی نەتەوەکەمان.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە



جێژنی خاوەنکار کە بۆنەیەکی ئایینیی هاونیشتمانییانی پێڕەوی ئایینی یارییە، هەڵگری پەیامی سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و نەیاراندایە.

بە بۆنەی هاتنی ئەم جێژنەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم پێڕەوانی ئایینی یاری لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەم.

لەگەڵ ئەوەی یارسانەکان لەژێر گوشار و چاوەدێریی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدان و بەردەوام لە مافە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش بوونە، هیوادارم ئەمساڵ، پەیامی سەرکەوتن بەسەر نەیاران و دوژمنانی ئازادیدا بکەنە مایەی یەکڕیزی و جێژن.

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٢ی هەتاوی

## پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان




٢٥ی نۆوامبر، وەک ڕۆژی هاوخەباتی و یەکریزیی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەدژی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەدژی ژنان ناودێر کراوە. ئەم بۆنە جیهانییە بۆ نەتەوەی کورد و کۆمەڵگەی کوردی، جیا لە ڕوانینە مرۆییەکەی، وەبیرهێنەرەوەی ڕەهەندێکی بەربڵاوی ستەم و چەوساندنەوەیەکی هەمەلایەنەیە لەدژی ژنانی وڵاتەکەمان، کە جارێک بە هۆی کوردبوون و؛ جارێکیش بە هۆی ژنبوونەوە بەردەوام بەرەوڕووی توندوتیژی بوونەتەوە.

شۆڕشی ژینا کە بە پێشەنگایەتیی ژنانی نیشتمانەکەمان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کرد، وێنەیەکی ڕوونتری لە ڕەهەندەکانی ستەم و توندوتیژیی دژبە ژنان خستە ڕوو. ویستی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان و کۆمەڵگەکانی دیکەی ئێران بۆ ڕزگاربوونیان لە ستەم و بندەستی، بە بەشێک لە بەها بەرزەکانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دادەنرێت، واتە پێداگرییەک کە لەسەر ئامانجی یەکسانی، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤەکان دەکرێتەوە.

وێڕای بەرزڕاگرتنی ئەم بۆنە جیهانییە، هیوادارم وشیاری و ڕۆڵی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سڕینەوەی هەموو جۆرە ستەم و توندوتیژییەک بە تایبەت لە دژی ژنان، پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت.

بە هیوای ئازادی و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و یەکسان بۆ هەموو ژنانی وڵاتەکەمان.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
مستەفا هیجری

٤ی سەرماوەزی ١٤٠٢(٢٥ی نۆوامبری ٢٠٢٣)

٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار




**١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار لە هەموو خوێندکارانی ئازا و بوێری کوردستان و ئێران پیرۆز بێ.**

خوێندکارانی بەهەڵوێست و بوێری کوردستان و ئێران لە ماوەی بزووتنەوەی ژینادا هاوشانی هەموو چین و توێژەکان دژی

هەر چەشنە سەرەڕۆیی، چەوسانەوە و فاشیزمێک، لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان دەنگی خۆیان هەڵبڕی و هاتنە مەیدان. بە بەردەوامی زانکۆکان سانسۆر، چاودێری و گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانیان بەسەرەوە بووە و بەشێکی زۆری خوێندکاران ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن و لە هەندەران بگیرسێنەوە. بەو حاڵەشەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای دۆخی داخراوی سیاسی، دەنگێکی بەزر بووە لە دژی ستەم و دیکتاتۆری.

لەم ڕۆژەدا، ئاواتەخوازم هەموو خوێندکارانی کوردستان و ئێران لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا پەرە بە خوێندن و زانست بدەن و لە داهێنان، پێشکەوتن و زانست بێبەش نەکرێن و وەک هێزێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە تێکۆشان و چالاکییەکانیان بەردەوام بن.

بەو هیوایەی داهاتووی کوردستان و ئێران بە چرای زانست ڕووناکتر ببێتەوە

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی

٧١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# پەیامی هاوخەمیی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی کارەساتی ئاگرکەوتنەوە لە باڵەخانەیەک لە ناوچەی سۆران




بەداخەوە بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە باڵەخانەیەک لەسەر ڕێگای سەرەکیی سۆران- چۆمان لە هەرێمی باشووری کوردستان، ١٤ کەس گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

بەو بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی گیانبەختکردووان ڕادەگەیێنین و خۆمان بە شەریکی خەم و ماتەمینیان دەزانین و تەندرووستی و چاکبوونەوەی خێرای بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری
مستەفا هیجری
١٨ی سەرماوەزی ١٠٤٢
٩ی دێسامبری ٢٠٢٣

١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## کاک مستەفا هیجری: بزووتنەوەی ژینا بە پێشەنگایەتیی ژنان، گرێدراوی خەبات لەپێناوی ئازادی، یەکسانی، بەختەوەری و کەرامەتی تاک و کۆیە



بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بۆ ئازادیی بیرکردنەوە بە ژینا ئەمینی، کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بووە بە ڕەمزی خەبات لەپێناو ئازادی، هەواڵێکی دڵخۆشکەر و دەستکەوتێکی پڕبایەخە.

پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە ژینا ئەمینی، ئاماژەیە بۆ کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا و بەها بەرزەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، خەباتی ئازادیخوازیی لە ئێراندا بەرەو قۆناغێکی چارەنووسساز بردووە.

بزووتنەوەی ژینا کە بە پێشەنگایەتیی ژنان لە بەستێنی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەری هەڵدا و دواتر بەشەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت جیهانی دەرەوەی تەنییەوە، گرێدراوی خەبات لەپێناوی ئازادی، یەکسانی، بەختەوەری و کەرامەتی تاک و کۆیە.

بەخشینی ئەم خەڵاتە وەک هەوڵێکی شایان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیدانی کۆمەڵگەی کوردستان، نەتەوە

بندەستەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران لەپێناو ڕزگاری و سەربەستی دەزانین.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵەی سەربەرزی ژینا ئەمینی و سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی بزووتنەوەی ژینا و تێکڕای ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران دەکەم.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢١ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی

٢١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

## کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز پەیامێکی بڵاو کردەوە



لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سڵاو و پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەم.

ئاڵای کوردستان و ناوی پێشمەرگە دوو هێمای لەیادنەکراوە و پیرۆزی کۆماری کوردستانن کە بۆ هەمیشە لە مێژووی کوردستان و لە دڵی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بە پیرۆزی دەمێننەوە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی

٢٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

## کاک مستەفا هیجری: حوکمی بەندکرانی هەتاهەتایی حەمید نووری شکستێکی گەورە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە



پشتڕاستکرانەوەی حوکمی بەندکرانی هەتاهەتایی حەمید نووری لە دادگای سوید سەبارەت بە بەشداریی ناوبراو لە

لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧، سەرکەوتنێک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دادخوازەکانی ئێرانە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوبراو چەند ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە و یان ئەگەری هەیە وەکوو مەحکوومکراوانی هاوشێوەی پێشوو لە چەند وڵاتی ئوروپاییدا لە مامەڵەیەکی سیاسیدا ئازاد بکرێ؛ ئەم حوکمە شکستێکی گەورە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە سەرەڕای هەوڵە بەربڵاوەکانی بۆ بێتاوانناساندنی حەمید نووری، دادگا بەشێوەیەکی تەواو دادپەروەرانە حوکمی کۆتایی خۆی دەر کرد.

وێڕای دەستخۆشیی زۆر لە پارێزەرانی قوربانییەکان، شایەتحاڵان، دادوەرەکانی دادگا و هەموو ئەوانەی کە لە بەئاکامگەیاندنی ئەم دۆسییەیەدا زەحمەتیان کێشاوە؛ پیرۆزبایی لە هەموو بنەماڵە ئازارچەشتووەکان و هەموو چالاکان و خەباتکارانی ڕزگاریخواز دەکەم کە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خەبات دەکەن.

بەو هیوایەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بینەری دادگاییکرانی هاوکارەکانی حەمید نووری و هەموو فەرماندەران و بکوژانی خەباتکارانی ماندوونەناس لە ئێران، بە تاوانی جینایەتە بێئەژمارەکانیان لە نێوخۆ و دەرەوە، لە دادگا دادپەروەرانەکاندا بین.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٩ی سەرماوەزی ١٤٠٢

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## پەیامی پیرۆزبایی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینییەوە



بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵی زایینی و لەدایکبوونی مەسیح، پیرۆزبایی لە سەرجەم پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە هەموو جیهاندا دەکەم.

هیوادارم لە ساڵی نوێی زایینیدا، ئاشتی و تەبایی لە نێوان پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان پەرە بستێنێ. بە تایبەتی هیوا دەخوازم پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی لە ئێران کە بە هۆی سەرەڕۆیی ڕێژیمی داخراو و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامییەوە لەژێر ستەم و هەڵاواردن و بێبەشیدان، ساڵێکی باشتریان لە بواری ئازادیی ئایینیەوە هەبێت.

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٩ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی**

**٩ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

## پەیامی هاوخەمیی کاک مستەفا هیجری، بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک ڕەسووڵ قادری



**هەواڵی کۆچی دوایی کاک ڕەسووڵ قادری لە فەڕانسە جێگای داخ و پەژارەمانە.**

کاک ڕەسووڵ یەکێک لە ئەندامانی پێشووی حیزبی دێموکرات و برای شەهید سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکرات بوو کە بە بنەماڵەش وەک بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شاری مەهاباد ناسراون.

سەرەتای ناسیاری و دۆستایەتیی من لەگەڵ خوالێخۆشبوو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی کە لە تاران مامۆستای قوتابخانە و خوێندکاری زانستگای تاران بووین.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە مەنیژە خانمی هاوسەری، منداڵەکانی، خزم و کەس و دۆستانی کاک ڕەسووڵ دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**١٠ی بەفرانباری ١٤٠٢**

**١٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی گیانلەدەستدانی سێ شاخەوانی کورد



بەگوێرەی هەواڵەکان، تەرمی سێ کەس لە تیمێکی پێنج کەسیی شاخەوانیی شاری نەغەدە کە لە شاخەکانی شنۆ کەوتبوونە ژێر ڕنووی بەفر، بە هەوڵ و تێکۆشانی تیمەکانی شاخەوانیی شارەکانی دیکەی دەوروبەر دۆزراونەتەوە و لەژێر بەفر دەرهێنراون.

**گیانلەدەستدانی ئەو شاخەوانانە جێگای پەژارەی هەموومانە.**

بەو بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆم بە بنەماڵە و کەسوکاری ئەو ئازیزانە، هەموو شاخەوانانی کوردستان و خەڵکی خۆشەویستی نەغەدە ڕادەگەیێنم و بەشداری خەم و ماتەمینیانم.

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٧ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی**

**٢٧ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---

## کاک مستەفا هیجری: کۆماری کوردستان، بنیاتنانی ڕێبازێک بۆ دواڕۆژی پرسی نەتەوەیی بوو



دامەزرانی کۆماری کوردستان، نوقتەگۆڕانێکی گرینگی مێژووی سیاسیی کوردستان و کوردە. ئەم کۆمارە لەلایەک لە ئەنجامی گەشەی بیری سیاسی و بە دامەزراوەییکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی بنیاتێکی نیشتمانی هاتە کایەوە، لەلایەکی دیکەوە، بنیاتنانی ڕێبازێک بوو بۆ دواڕۆژی پرسی نەتەوەیی. سەرباری هەلومەرجی ناسک و ئەو دۆخەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، ئەم کیانە نیشتمانییە، لە زۆر ڕووەوە جێی سەرنج و خوێندنەوەیە. ئەزموونی پڕ دەستکەوت بەڵام کورتماوەی کۆمار، دواتر بووە هەوێنی ڕوانگەیەکی کوردستانی کە لە بزووتنەوەی دێموکراتیک و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

پارچەکانی دیکەشدا ڕەنگی دایەوە. لە ڕوانگەیەکی گشتیدا، کۆماری کوردستان هەوێنی گەشەی بیری نەتەوەیی و بەها مرۆیی و دێموکراتیکەکانە کە لە مێژووی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەدا کەموێنەیە.

دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی، کۆماری کوردستان ئێستاش بۆ ئێمەی کورد سەرمایەیەکی مێژوویی و سەرچەشنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و هاوکات نەتەوەییە کە لە یادەوەریی نەتەوەکەماندا بە زیندوویی ماوەتەوە.

**سڵاو لە حیزبی دامەزرێنەر و بنیاتنەری کۆماری کوردستان، پیرۆز بێت یادی دامەزرانی کۆمار لە خەڵکی بەئەمەگی کوردستان.**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی**

**١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

## کاک مستەفا هیجری: تەقەکردن و سووکایەتیپێکردن بە کۆڵبەران ناخهەژێن و جێگای تێڕامانە




هەواڵی تەقەکردن لە کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵات لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق لە ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستان کە شەهید و برینداری لێکەوتەوە، دوو ڕۆژ پاش بڵاوبوونەوەی دیمەنێک لە پێوەندی لەگەڵ سووکایەتی پێکردن بە ژمارەیەک لە کۆڵبەران، ناخهەژێن و لە هەمان کاتدا جێگای تێڕامانە.

ناخهەژێنە لەبەر ئەوەی بە سەدان و بگرە بە هەزاران کوردی بێدەرەتان و برسیکراوی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە جیاتی سەرشۆڕکردن لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە بە ناچاری پیشەی تاقەتپڕووکێن و پڕمەترسیی کۆڵبەرییان گرتۆتە بەر تا لەو ڕێگەوە پاروە نانێکی حەڵاڵ بۆ ماڵ و خێزانیان پەیدا بکەن، ساڵانە بە سەدان کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی پاسدارانی سەر سنووری ڕێژیمی ئێران دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، لەو بەری سنووریش لەلایەن برا کوردەکانیانەوە بەم شێوەیە شەهید و بریندار دەکرێن یان سووکایەتییان پێ دەکرێ.

جێگای تێڕامانە لەبەر ئەوەی داخۆ دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە ئیزنیان داوە بە پاسەوانانی سنوور ئەم ڕەفتارە قێزەونانە دەرحەق بە برا لێقەوماوەکانی دەستی زۆرداری ڕێژیمی کوردکوژ بگرنە بەر "تەنانەت ئەگەر کارێکی خیلافیشیان کردبێ"؟! وەڵامی ئەو پرسیارە بەستراوە بە چۆنیەتیی لێپرسینەوە و سزادانی ئەو پاسەوانانەی سنوور و کۆتاییهێنان بە کوشتن و

بێڕێزی کردن بە کۆڵبەران و هەر کەسێکی دیکە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٢

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---

## کاک مستەفا هیجری: ئەمەگی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵکەوتەکانی هێمای داهاتووی گەش و پڕ لە هیوای کوردستانە



مەرگی فەریار ئەمینپوور، قارەمانێکی کوردستان هەموومانی خەمبار کرد، هەر بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشیی خۆم لە بنەماڵەی بەڕێزی، هەموو وەرزشوانانی ڕۆژهەڵات و خەڵکی سەقز و کوردستان دەکەم.

بێگومان بەشداریی بەرینی خەڵکی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەو قارەمانە، دەرخەری ئەمەگی قووڵی خەڵکی کوردستان بۆ قارەمانەکانی خۆیەتی.

خۆڕاگریی کوردستانییان و ئەمەگی لەبننەهاتووی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵکەوتەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، هێمای داهاتووی گەش و پڕ لە هیوای کوردستانە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٢

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی



ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، زۆرتر بۆ ئەو نەتەوانە جێگای بایەخ و سەرنجە کە خوێندن و گەشەپێدانی زمانەکانیان لەلایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانەوە قەدەغە کراوە و منداڵەکانیان ناچارن بە زمانێک بخوێنن کە زمانی نەتەوەی

دەسەڵاتدار و لە ڕاستیدا زمانی سەپێندراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای دۆخی بندەستی و قەدەغەبوونی خوێندن بە زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی خولی فێرکاریی زمانی کوردی بە شێوەی خۆبەخشانە، بەشێکی گرینگ لە چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات پێک دێنێ. سەرەڕای سزادان و زیندانیکردنی چالاکانی بواری زمانی دایکی و پێکهێنانی گرفت و کۆسپ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و شارەزایانی بواری زمان، بوێرانە و بە ئیرادەیەکی پتەوەوە، هەوڵی زیندووڕاگرتن و گەشەپێدانی زمانی کوردییان داوە و لە هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ خزمەت بە زمان و ناسنامەی کوردی بەردەوامن.

وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە و پێداگرتنەوە لەسەر مافی ڕەوای خوێندن بە زمانی دایکی بۆ هەموو نەتەوە بندەستەکان لە ئێران، سڵاوی ئەمەگ دەنێرم بۆ سەرجەم مامۆستایان و فێرخوازانی زمانی کوردی.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## کاک مستەفا هیجری: ڕاپۆرتی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان هەنگاوێکی گرینگ بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕای گشتییە



ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی شۆرای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ١٣ مانگ جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بڵاو کردەوە. لەم ڕاپۆرتەدا باس لە لایەنە جیاوازەکانی سەرکوت و کوشتنی خەڵک و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕێگەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە کراوە و ئەوەی بە نیشانەی ئاشکرای جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناو بردووە. لە بەشگەلێک لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی ئاماژە بەوە کراوە کە هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی بزووتنەوەکە لە شارەکانی کوردستاندا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵک وەکوو بزووتنەوەیەکی جیاییخوازانە نیشان بدات، لەم ڕووەوە کۆمەڵگە نەتەوەیی و ئایینییەکانی وەکوو کوردەکان و بەلووچەکانی بەتوندی سەرکوت کرد و لەم پێناوەشدا کەڵکی لە چەکی شەڕ وەرگرت. ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لەمبارەوە گرینگە کە نیشان دەدات وردەکاری و شێوەی سەرکوت نە بە ڕێکەوت، بەڵکوو بە شێوەی سیستماتیک و لەلایەن پلەبەرزترین بەرپرسانی ڕێژیمەوە بڕیاری بۆ دراوە و جێبەجێ کراوە. ڕاپۆرتی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، هەقیقەتی بەرفراوانی سەرکوت و بەکەمزانین خۆپیشاندەران ئاشکرا دەکات و هەنگاوێکی گرینگ بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕای گشتییە. ئەم ڕاپۆرتە جێگای دەستخۆشی و پێزانینە و لەلایەک سەرچاوەیەکی گرینگ و باوەڕپێکراو بۆ نیشاندانی دووبارەی ڕووی ڕاستەقینەی ئەم

ڕێژیمەیە و لەلایەکی دیکەشەوە نیشاندەری خۆڕاگری و بەرخودانی نەتەو ستەملێکراوەکان و بەتایبەت خەڵکی کوردستان و ژنانی بوێری ئێرانە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٢

٢٠ی رەشەمەی ٢٧٢٣

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە



شازدەی مانگی ٣ی زایینی، ٣٦ـەمین ساڵیادی کارەساتی کۆمەڵکوژیی کیمیابارانی هەڵەبجەیە. لەم ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی لەلایەن حکوومەتی پێشووی عێراقەوە بە بۆمبی کیمیایی هێرش کرایە سەر شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان. لە ئاکامدا بە گوێرەی زانیارییەکان نزیک بە پێنج هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەم شارە شەهید و دە هەزار

کەسیش بریندار بوون.

لەم یادەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە و ڕێز دادەنێین بۆ بریندارانی ئەو کارەساتە و هەموو خەڵکی دڵبریندارى هەڵەبجە.

ئەم ڕۆژە هەموو ئەو جینایەت و کۆمەڵکوژییانەمان بیر دەخاتەوە کە دوژمنانی ئازادیی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەنجامیان داوە و لە هەر بەشێک بە شێوەیەک تا ئێستاش درێژەی هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەیەکی بەرچاوی ئەم حکوومەتانەیە کە لە سەرەتای دەستڕاگەیشتنی بە حکوومەت، بە دەیان هەزار کوردی تەنیا بە تاوانی کوردبوون و مافخوازبوونیان لە ڕێگای کۆمەڵکوژی، تیرۆر، برسیکردن، ئالوودەکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و... کوشتووە و هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسیی کوردی خستووەتە زیندانەکان و تەنانەت ڕەحمی بە ژینگە، کولتوور، زمان و مێژووی ئەو خەڵکەش نەکردووە.

جێگای سەرنجە کە ئەم ڕێژیمە تا ئێستا بە دەیان شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی لە هەرێمی کوردستانی باشووریش بۆمباران کردووە و بە بیانووی جۆراوجۆر شوێنی نیشتەجێبوونی ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانیشی کردووەتە ئامانجی مووشەک و درۆنەکانی و بووتە هۆی کوژرانی ژن و منداڵ و وێرانی.

وێڕای یادکردنەوە لە قوربانییانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی کوردستان، بە تاوانباران و بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڵێین کە ئاکامی هەموو ڕێژیمێکی پڕ لە نەهامەتی بۆ خەڵک، هەر هەمان ئاکام دەبێ کە ڕێژیمی بەکەری تاوانی هەڵەبجە بەرەورووی بوویەوە؛ بۆیە ئەم ڕێژیمە ناتوانێ بە بەکارهێنانی سیاسەتی هەناردەکردنی قەیرانەکانی بۆ دەرەوەو ستەمکردن لە خەڵک درێژە بە حکومەتە سەرەڕۆکەی بدا و ئەوەی سەردەکەوێ بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی مارسی ٢٠٢٤

٢٦ ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## کاک مستەفا هیجری: نەورۆز هێمای خۆڕاگری و مژدەی تێپەڕاندنی قۆناغی دژوار و سەرکەوتن بە سەر کەندوکۆسپەکانە




نەورۆز بۆ ئێمەی کورد تەنیا نوێبوونەوەی ساڵ و گۆڕانی سروشت نییە. سەرەڕای ئەوەی کە لە بۆنەی نەورۆز وەک میراتێکی مرۆیی دەڕوانین، پێشمان وایە نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد مانایەکی سیاسی و جیاوازتری هەیە.

لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئەوەندەی پەیوەندیی بە نەورۆزەوە هەیە، ڕەهەندە سیاسی و سەمبۆلیکەکانی ئەم بۆنەیە بۆ ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ و هیوادار بە ڕزگاری و ئازادی، بەرفراوانتر و بەرجەستەترە. نەورۆز هێمای خۆڕاگری و مژدەی تێپەڕاندنی قۆناغی دژوار و سەرکەوتن بە سەر کەندوکۆسپەکانە. هەڵکردنی مەشخەڵی ڕزگاری و گێڕانی شایی و خۆشی، ئاماژەیە بۆ تێپەڕاندنی دۆخێک و چوون بەرەوپیری قۆناغێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەیەک. لە ڕوانگەیەکەوە، مانای ڕاستەقینەی نەورۆز لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواری ڕەنگە لە چەمکی" ژیانەوە"دا خۆی بنوێنێ. ژیانەوەیەک کە نیشانەی هیوا، نوێکردنەوەی هێز و خۆ ڕێکخستنەوەی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

هاتنەوەی بۆنەی نەورۆز لای کوردستانییان، ساڵ لە دوای ساڵ ماناکانی پێکەوەبوون، هاوخەباتی و هاوچارەنووسی وێنا دەکات. ئەم بۆنە نەتەوەییە، بەتایبەت لە ساڵانی دواییدا، ڕوانگەیەکی کوردستانی و شۆڕشگێڕانەی بەسەردا زاڵ بووە. لەم

ڕوانگەدا، ئیرادەیەکی گشتی بیچمی گرتووە. ئیرادەیەک کە هێزی خەبات و بەرگری لە کۆمەڵێک ڕەمزی شۆڕشگێرانەی وەک جامانە و ئاڵای گرێ داوە.

لە بەستێنە کوردستانییەکەیدا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" پتر پەیوەندیی نێوان ئیرادەی گشتی و ڕوانگەی کوردستانی و ناسنامەخوازیی نەتەوەی کورد ڕوون دەکاتەوە. بزووتنەوەیەک کە داوای مافی یەکسانی، نەتەوەیی، کەرامەت و ئازادی بۆ تاک و کۆی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافییای ئێران دەکات. هەر لەم ڕوانگەشەوە، ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆز، کە لە دۆخی تایبەتدا بەڕێوە دەچن، لە درێژەی شۆڕشی ژینادا، مانای" ژیانەوە" و "ئیرادەی گشتی"و "گوتاری نەتەوەیی" لە ڕۆژهەڵات ڕوونتر دەنوێنێ.

لە سەروبەندی نەورۆزی کوردەواریدا، سەری ڕێز و وەفا بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دادەنوێنین. هەروەها پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ و جێژنی نەورۆز لە هەموو کوردستانییان، بە تایبەت کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەکانیان دەکەم.

**نەورۆزتان پیرۆز.**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٢**

**٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

## پەیامی کاک مستەفا هیجری سەبارەت بە بەشداریی بەشکۆی خەڵکی خوارووی خۆرهەڵاتی کوردستان لە نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری



**کوردستانییانی هێژا؛**

لە ڕۆژانی پێش هاتنی نەورۆز لە پەیامێکدا پیرۆزبایی نەورۆزم ئاراستەی ئێوەی خۆڕاگر کرد. بەڵام ئەوەی وای کرد جارێکی تر چەن ڕستەیەک لەو بوارەوە بڵێم، ئەو جۆش و خرۆشەی ناوچەکانی خوارووی خۆرهەڵاتی کوردستانە.

ئەم نەورۆزە لە زۆر ڕەهەندەوە نەورۆزێکی تایبەت بوو، لە هەموان تایبەتیتر حەماسەتێک بوو کە کوردستانییانی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان بە نەورۆزی ئەمساڵیان بەخشی. لێرەوە دەمهەوێ بڵێم، دەرکەوتن و حەماسەتێک کە لە خۆتان پێشانتان دا، دونیایەک ورە و ئیرادەی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەخشی. ئەو ڕێزە کوردستانییە کە لە خۆتان پیشانتان دا، ئیرادەیەک بوو کە ڕێژیمە پاوانخوازەکان بۆ دەیان ساڵە ویستوویانە ڕێگریی لێ بکەن و نەهێڵن ئێوە خۆتان بە کورد و کوردستانی بناسێنن. بەڵام یەکانگیریی ئێوە لە نەورۆزی ئەمساڵدا سەلماندی کە بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاوی نیشتمانن.

**نەورۆزتان پیرۆز و بمێنن بۆ کوردستان!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٣**

**٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە



**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە مێژووی نەتەوەکەماندا وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی دڵتەزێن و لەبیر نەکراوەیە.**

**لەم ڕۆژەدا، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان وێڕای ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەدحوسێن خانی**

سەیفی قازی لە سێدارە دران، بەڵام ناو و ناوبانگیان بوو بە ڕەمزی مێژووی خەبات و بەرخۆدانی کوردستانییان.

خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا کە بە "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" ناودێر کراوە، سەردانی گڵکۆی شەهیدان و بنەماڵەکانیان دەکەن و پەیمانی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ دەکەنەوە.

١٠ی خاکەلێوە، مانایەکی هاوبەشی لای کوردستانییان هەیە، ئەویش درێژەدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان و زیندووڕاگرتنی ڕێبازی نەتەوەیی پێشەوای کوردانە.

لەم ڕۆژەدا، وێڕای سەری ڕێز دانەواندن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازەکەیان، سڵاوی وەفا دەنێرین بۆ سەرجەم بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---

## پەیامی بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان




بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان، بۆنەی ئایینی و پیرۆزی موسوڵمانان، پیرۆزبایی لە سەرجەم موسوڵمانانی جیهان، بە تایبەتی موسوڵمانانی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.

هیوادارم ئەم جێژنە ببێتە مایەی دڵخۆشی، لێبوردەیی و پتەوتربوونی ڕیزەکانی خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەکانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**هەموو ڕۆژێکتان جێژن و بە هیوای ڕزگاری!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

## کاک مستەفا هیجری: سزای لەسێدارەدان بۆ تووماج ساڵحی درێژەی سیاسەتی ڕێژیم بۆ سەرکوت و لەنێوبردنی دژبەرانیەتی



سزای لەسێدارەدران بۆ #تووماج ساڵحی، گۆرانیبێژ و ڕەپێر بە هۆی هەڵوێستەکان و ناڕەزایەتییەکانی دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە تۆمەتی "افساد فی‌الارض"، درێژەی سیاسەتی ڕێژیم بۆ سەرکوت و لەنێوبردنی دژبەرانیەتی. تووماج ساڵحی کە گۆرانییەکانی زیاتر ڕەهەندی سیاسییان هەیە و ناوەڕۆکەکەیان ناڕەزایەتی دژی ڕێژیمە، بە دروستی بەرەی خەبات دژی ستەمکاریی هەڵبژارد.

وێڕای مەحکوومکردنی ئەم سزا نامرۆڤانەیە، خوازیاری پشتیوانیی ناوەندە مافی مرۆییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی ئەم بەندکراوە سیاسییەین.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٧ی بانەمەڕی ١٤٠٣

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار




لە ئێرانی فەیراناویی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، کاتێک ساڵانە یادی ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەکرێتەوە، دەبینین هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و دۆخی بژیوی ئەم چینەی کۆمەڵگا تا دێ خراپتر دەبێت.

لە ئەنجامی سیاسەتی چەوتی ئەم ڕێژیمە، دۆخی ژیانی خەڵک بەگشتی و بەتایبەتی چارەنووسی ملیۆنان کرێکار و بنەماڵە تێکەڵ بە بێ مافی، بێکاری، هەڵاوسان و کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بنەڕەتیی دیکە بووەتەوە، بە جۆرێک کە لە کەرامەتی مرۆیی و ژیانێکی سەردەمیانە بێبەشن.

وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە کرێکارانی کوردستان و ئێران، هیوادارین سەرجەم چین و توێژەکان بە یەکگرتوویی خەبات دژی ڕێژیمی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی چڕتر بکەنەوە و بە ئاوات و مافە زەوتکراوەکانیان بگەن.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١١ی بانەمەڕی ١٤٠٣

١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان




لە یادی ٥٩ لاوی لەسێدارەدراوی مەهابادی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ناودێرکردنی ڕۆژی ڕوودانی ئەم تاوانە سامناکەی کۆماری ئیسلامی بە "ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان"، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، سڵاوی ئەمەگ دەنێرین بۆ ئیرادەی پتەو و خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بێگومان، زیندانییانی سیاسیی کوردستان، لە لایەک هێمای زیندوویی و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمانن؛ لە لایەکی دیکەوە، سەلمێنەری ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی تاکە شۆڕشگێڕ و بەباوەڕەکانی کوردستانن کە زیندان و ئەشکەنجە و تاوانەکانی دوژمن چۆکی پێ دانەداون و سەریان لەپێناو ئازادیی نیشتمان و ئامانجە پیرۆزەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەرز ڕاگرتووە.

**خۆنەویستی و خۆڕاگریتان جێی شانازییە!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١١ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

**١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**

## کاک مستەفا هیجری: سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە، نەیتوانیوە ورەی بەرز و باوەڕی قووڵی نەتەوەیەکی ئازادیخواز، بۆ گەیشتن بە ڕزگاری لاواز بکات



کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە درێژایی دەسەڵاتدارێتیی خۆسەپێنی، سەرکوتی سیستماتیکی دژ بە نەتەوەی کورد و ئازادیخوازان پەیڕەو کردووە. سەرەڕای بەردەوامیی هێرشی هەمەلایەنەی بۆ سەر کوردستان، لە دوای سەرهەڵدانی "بزووتنەوەی ژینا" و بەرەنگاربوونەوەی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ساتێکیش لە سیاسەتی سەرکوت و سزادانی ڕۆڵە تێکۆشەر و بەهەڵوێستەکانی نەتەوەکەمان نەوەستاوە. داسەپاندنی حوکمی ناڕەوای لەسێدارەدان لە بێدادگاکان، بەشێک بووە لەم سیاسەتە و لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چەند حوکمی لەسێدارەدانی بە سەر ڕۆڵەکانی کورددا سەپاندووە. یەکێک لەم کەسانە محەممەدمەهدی کەرەمی(کۆمار)، خەڵکی بیجاڕ بوو کە مخابن سزاکەی لە کەرەج جێبەجێ کرا؛ هەروەها ڕەزا ڕەسایی، خەڵکی شاری سەحنە و لە پەیڕەوانی ئایینی یاری، شاهین وەساف خەڵکی شاری سەڵماس و محەممەد خزرنژاد، مامۆستای ئایینیی خەڵکی بۆکان کە بەم دواییانە حوکمی ئیعدامی بە سەردا سەپاوە، لەو کەسانەن کە مەترسیی لەسێدارەدانیان لە سەرە. داوا لە ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی "بەرگری لە کەرامەتی ئینسانی و مافی ڕەوا"، سزای دژەمرۆیی مەرگیان بە سەردا سەپاوە، هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ. بێگومان، هەر وەک مێژوو سەلماندوویەتی، سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە، نەیتوانیوە ورەی بەرز و باوەڕی قووڵی نەتەوەیەکی ئازادیخواز، بۆ گەیشتن بە ڕزگاری لاواز بکات.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٠ی جۆزەردانی ١٤٠٣

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی قوربان




**جێژنی قوربان، بۆنەی پیرۆزی موسوڵمانانی جیهان، لە سەرجەم خەڵکی ئیماندار و باوەڕمەندی کوردستان و ئێران پیرۆز بێت.**

مخابن، لە کاتێکدا جەماوەری موسوڵمانی کوردستان و ئێران یادی ئەم بۆنە پیرۆزە دەکەنەوە کە حکوومەتێکی سەرەڕۆ، لە ژێر ناوی ئایین و ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیە، ماف و کەرامەتی موسوڵمانان و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەش پێشێل دەکات. ئەنجامی حوکمڕانیی ئەم دەسەڵاتە دژەمرۆییە، زەبروزەنگ و سەرکوتی هەمەلایەنەی ئازادیخوازان و زەوتکردنی

مافی ژیان بووە. بۆیە پێویستە هەموو نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازان، ڕیزەکانی خەباتی خۆیان دژی ئەم ڕێژیمە، بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە چەوساندەوە پتەوتر بکەن.

**جێژنتان پیرۆز!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**

---

## پەیامی هاوخەمیی کاک مستەفا هیجری سەبارەت بە نوقمبوونی کەشتییەکی پەنابەران




هەواڵی نوقمبوون کەشتییەکی پەنابەران لە کەنارەکانی باشووری ئیتالیا و گیانلەدەستدانی کۆمەڵێک هاونیشتمانیی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، ناخ و هەستی هەموو مرۆڤێکی بەویژدان دەهەژێنێ .

وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییانی ئەم کارەساتە ناخهەژێنە، هیوای سڵامەتی بۆ بریندارەکان دەخوازم.

ئاواتەخوازین چیدیکە هاوڵاتییانی کورد نەبنە قوربانیی ساتوسەودای مافیاکانی قاچاخی مرۆڤ. سەرچاوەی هەموو ئەم نەهامەتییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بۆتە هۆی پەرەسەندنی بێکاری و نەبوونی لانیکەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان.

**به هیوای بەدیهاتنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هەموو هاوڵاتییانی کوردستان و ئێران!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

**٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**

---

# مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان وەک سەرەکیترین قوربانییانی تێرۆریزمی سپای پاسداران پشتیوانی لە بڕیارەکەی کانادا دەکەن



دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتی کاناداش سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە. ئەو بڕیارە کە ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٣ لە بەردەوامیی پێداگریی ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئێرانییەکانی دانیشتووی کانادا و درێژەی شەڕاشۆیی و کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی درا، سەرکەوتنێکی دیکە بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەت بنەماڵە دادخوازەکانی نەتەوەکانی ئێرانە.

هیوادارین یەکیەتیی ئورووپاش بەدەم داوای داخوازییەکانی خەڵکی ئێرانەوە بێت و سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێت. ئەو بڕیارەی کانادا لەلایەن زۆرینەی خەڵکانی ئێرانەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە قوربانیی زۆرترین تێرۆر و جینایەتەکانی سپای پاسدارانن.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

**٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٤**

## پەیامی کاک مستەفا هیجری سەبارەت بە چاندنی دارێک بە یادی دوکتور قاسملوو لە ڤییەن



ڕۆژی ٢٧ی ژوئەن، پارلمانی ئیالاتی ڤییەن بڕیاری دا کە لە پارکێکی ئەو شارە، دارێک بۆ یادەوەریی ٣٥ ساڵەی تیرۆرکرانی ڕێبەری کورد دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازڵ ڕەسووڵ بچێنێ.

ئەم چالاکییەی پارتی سەوز و بەتایبەت خاتوو بێریڤان ئەسڵان جێگای ڕێزلێنان و پێزانینە.

سپاسی هەموو تێکۆشانەکانیان دەکەین و هیوادارین کە ئەمە ببێتە هەنگاوێک بۆ دووبارە وەگەڕخستنەوەی دۆسییەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە دادگای ئەو وڵاتەدا.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٨ی پووشپەڕی ١٤٠٣

٢٨ی ژوئەنی ٢٠٢٤

٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی سەرکەوتنی بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان




سەرئەنجام جارێکی دیکە هەڕەشەکان، هاندانەکان و فرتوفێڵەکانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی ناچارکردنی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی خولی دووهەمی سەرۆککۆماری لەگەڵ شکستی جیددی بەرەوڕوو بووەوە.

خەڵک بە بەشداریی بەربڵاوی خۆیان لە بایکۆتکردنی ئەم هەڵبژاردنەدا، بە دەنگێکی بەهێزتر و بەرزتر لە پێشوو تەواویەتی ڕێژیمیان بردە ژێر پرسیار.

**ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە هەموو ئازادیخوازانی ئێران پیرۆز بێت!**

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٣**

**١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

---

## مستەفا هیجری: قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە




**کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندەی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یادی ٣٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لاپەڕەی "ئێکس"ی خۆیدا وێڕای ئەمەگناسی بۆ گیانی شەهیدان، ڕێژیمی ئێرانی مەحکووم کردەوە.**

بەڕێز هیجری نووسیوویەتی: "ئەمڕۆ ١٣ی جوولای، ٣٥ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵە. لەم بۆنەدا، جارێکی دیکە ئەمەگناسیمان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڤییەن دووپات دەکەینەوە. نەفرەت و شەرمەزاری بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران."

٣٥ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا، بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، یەکێک لە ڕێبەرانی ناوداری بزووتنەوەی سیاسیی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش هاوڕێ لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێیانی، بەر دەستڕێژ دران و تیرۆر کران.

تێرۆری دەوڵەتیی دوکتور قاسملوو بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەو ڕووداوانەیە کە بە تێپەڕینی ساڵەکان هەروا زیاتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوە و سەرەڕای ئاخاوتنی دەیان کەسایەتی لەسەر دۆسیەی دوکتور قاسملوو لەم دواییانەدا ڕێکخراوی ئاشتی داواکاریی خۆی بۆ وەگەڕخستنەوەی دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو بە کۆکردنەوەی زیاتر لە ٣ هەزار واژۆ، پێشکەشی پارلەمانی سویس کرد.

٢٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

# کاک مستەفا هیجری: پەتی سێدارە و سزای مەرگ نابێتە بەربەستی سەر ڕێی خەبات و تیکۆشانی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان



بە گوێرەی هەواڵەکان، مخابن سزای لەسێدارەدرانی ڕەزا ڕەسایی، بەندکراوی سیاسیی کورد و لە پەیڕەوانی ئاییینی یارسان کە لە بزووتنەوەی ژینادا دەسبەسەر کرابوو، لە زیندانی ناوەندیی کرماشان جێبەجێ کراوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە کە پەخشان عەزیزی و وریشە مورادیش دوو ژنە تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەترسیی جێبەجێکردن و سەپاندنی سزای سێدارەیان لەسەرە. هەروەها ژمارەیەکی دیکەی چالاک و تێکۆشەری سیاسی لە ئازادیخوازانی ئێران و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەش، سزای سێدارەیان بە سەردا سەپاوە.

ڕەزا ڕەسایی دەیەمین بەندکراوی کوردە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ی زایینیدا لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە سێدارە دەدرێت.

بێگومان، پەتی سێدارە و سزای مەرگ، نابێتە بەربەستی سەر ڕێی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی.

وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ڕەزا ڕەسایی و خەڵکی داخداری کوردستان و پەیڕەوانی ئایینی یاری دەکەم.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٣

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---

## کاک مستەفا هیجری: لاوان هێزی بزوێنەری گۆڕانگاریی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاوازن




ڕۆژی جیهانیی لاوان، کە لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە دروشمی "بنیاتنانی جیهانێکی باشتر؛ وێڕای لاوان" وەک بۆنەیەکی جیهانی دیاری کراوە، لە سەرجەم لاوانی کوردستان و ئێران پیرۆز بێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک ڕێژیمێکی دواکەوتوو و داپڵۆسێنەر، نە تەنیا باوەڕی بەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە نییە، بگرە زۆرترین دەوری هەبووە لە سەرکوت و ئەشکەنجە و کوشتوبڕی لاوان.

ڕابردوو و ئێستای ئەم ڕێژیمە لە زەوتکردنی مافی ژیانی سەردەمیانە، شکاندنی کەرامەت و بێبەشکردنیان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هتد، بەڵگەنەویستە. لە وەها دۆخێکدا، لاوان بە وشیاری و ئیرادەی تێکۆشان لە پێناو ژیانێکی شایستە، لەسەر شەقامەکان و لە خوێندنگاکان و بوارەکانی دیکە، پاڵنەر و بەشداری بزووتنەوە جەماوەری و ناڕەزایەتییەکان بوونە دژ بە ڕێژیم. بە تایبەت کە پێگە و وزەی پەنگخواردووی لاوانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە بزووتنەوەی ژینا، هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە کە لاوان، وەک سەرمایەیەکی گەورە و پڕبەهای مرۆیی و کۆمەڵایەتی، لە بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش دەوری سەرەکییان هەیە و هێزی بزوێنەری گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتین لە بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لە ڕابردوو.

ئەم بۆنەیە لە سەرجەم لاوانی بەهەست و شۆڕشگێڕی ئێران و کوردستان پیرۆز بێت.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٢ی گەلاوێژی ١٤٠٣

٢٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## کاک مستەفا هیجری: بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆی بەردەوامی و سەرکەوتنی خەبات لەپێناو ئازادیی وێنا کردووە و گەڕانەوەی بۆ نییە




بزووتنەوەی ژینا بە دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی"، پێ دەنێتە سێهەمین ساڵی خۆیەوە. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، لە لایەک درێژکراوەی خەباتی چڕ و بەردەوامی نەتەوەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی دوور لە چەوسانەوەیە؛ لە لایەکی دیکەوە خاڵێکی وەرچەرخانی نوێیە لە مێژووی ئەم نەتەوەگەلە، لە دژی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ملهوڕ و خۆسەپێن. پڕئاشکرایە کە پاشخانی مێژووی پرشنگداری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەستێنی ئەم شۆڕشەی ڕەخساندووە. بزووتنەوەی ژینا، سەرفەسڵێکی نوێ لە مافویستی و نەتەوەخوازیی نەتەوە بندەستەکانی جوغرافیای ئێرانە کە تێیدا پرسی نەتەوە، کەرامەتی مرۆڤ، مافی ژن و مافی ژیانێکی ئازاد، دەبنە چەقی داواکارییەکان.

خاڵی جەوهەریی ئەم بزووتنەوەیە، لە لایەک پێشەنگایەتی و ڕچەشکێنیی ژنانی دلێری کوردستان و ئێران، لە لایەکی دیکەوە، گەشەی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازییە کە پاڵنەر و هەوێنی بزووتنەوەکەن. ئەمەش هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە کە سەرباری کەندوکۆسپ و گرفتەکانی سەر ڕێ، بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆی بەردەوامی و سەرکەوتنی خەبات لەپێناو ئازادیی وێنا کردووە و گەڕانەوەی بۆ نییە.

لە یادی دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە، سڵاوی ئەمەگ دەنێرم بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی سەربەستی و ژیانی ئازاد، بە تایبەتی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا و بنەماڵەکانیان. سڵاوی وەفا دەنێرم بۆ سەرجەم کچان و کوڕانی بەهەست و جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان و ئەو ڕەوت و پێکهاتە نەتەوەیی و ئازادیخوازانە (بە تایبەت بەلووچستان، لوڕستان و گیلەکەکان) کە ئاگایانە پشتی شۆڕشەکەیان گرت و گیانفیداییان لە خۆیان نواند و لەم ڕێگەیەدا، زیندان و ئەشکەنجە چۆکی پێ دانەدان.

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٣**

**٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

---

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی مەولوود



بە بۆنەی جێژنی مەولوود، ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد (د.خ) پێغەمبەری موسوڵمانان، پیرۆزبایی لە هەمووپەیڕەوانی ئایینی ئیسلام، بە تایبەت هاونیشتمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.

یـادکردنەوەی ئەم بـۆنە پیـرۆزەی موسـوڵمانان، هاوکـاتە لەگەڵ سـەروبەندی دوو سـاڵەی شـەهیدبوونی ژینـا ئەمینـی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەرتاسەریی "ژینا" لە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، کە لە ژێر ناوی بەهاکانی ئەم ئایینە و بە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستوو و دژەمرۆییی ویلایەتی فەقیە، دەستی لە هیچ جۆرە تاوان و کردەوەیەکی دژەمرۆیی نەپاراستووە.

هیوادارم یادکردنەوەی ئەم جێژنە پیرۆزە ببێتە هەوێنی پێکەوەبوون و هاوخەباتیی نەتەوەکانی ئێران و سەرجەم چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ستەم و بێدادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**هەموو ڕۆژێکتان جێژن و ژیانتان پڕ بێت لە خۆشی و تەبایی و یەکڕیزی.**

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٣

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## کاک مستەفا هیجری: تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، کوردستان سەنگەرێکی ئاوەدان و ڕاوەستاوە



٣٢ ساڵ پێش ئێستا و لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا، دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات؛ هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و نووری دێهکوردی، دۆستی حیزبی دێموکرات، لە بێرلینی پێتەختی ئاڵمان بە بڕیاری کۆماری ئیسلامی و بە هۆی دەستوپێوەندییەکانی ئەم ڕێژیمەوە تێرۆر کران. دەستی ڕەشی تاوان، بە تێرۆر و ڕەشەکوژی و کردنەئامانجی ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و تێکۆشەرانی، نەیتوانیوە لەمپەر لەسەر ڕێی بزووتنەوەکە پێک بێنێ و بە پێچەوانەوە، تا دێ تێکۆشان و هاوخەباتیی نەتەوەیی لە کوردستان ڕووەو گەشەیە.

ئەمساڵیش لە هەلومەرجێکدا یادی ئەم ڕێبەرە شەهیدە و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ژینا، لەگەڕە و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لەسەر ویست و مافە ڕەواکانی پێداگرترە.

لە یادی ٣٢ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس، پەیمانی وەفا و درێژەپێدانی ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان دووبارە

دەکەینەوە و دۆستان و دوژمنان دڵنیا دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، کوردستان سەنگەرێکی ئاوەدان و ڕاوەستاوە.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٦ی خەرمانانی ١٤٠٣

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## پەیامی سەرەخۆشیی کاک مستەفا هیجری بە بۆنەی کۆچی دوایی جۆیس بلۆ



ڕێکەوتی ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ی زایینی، جۆیس بلۆ مامۆستا لە ناوەندی ئینالکۆ (ئەنستیتۆی نەتەوەیی شارستانییەت و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) و شارەزا لە بواری زمان و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لە پاریس، کۆچی دوایی کرد.

بلۆ لە زانکۆی سۆربۆن دوکتورای لە بواری زمانی کوردیدا وەرگرتووە. هەروەها سەرنووسەری ژورناڵی لێکۆڵینەوەی کوردی و

یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس.

بلۆ لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی زایینییەوە، واتە ئەو کاتەی نە لە ناوەندە ئاکادیمییەکان و نە لە ڕۆژەڤی سیاسیی ڕۆژئاوادا کەمتر باس لە کورد دەکرا، دەستی بە توێژینەوە سەبارەت بە کوردستان کردووە. یەکەم بەرهەمی خۆی لە ساڵی ١٩٦٣ سەبارەت بە پرسی کورد چاپ کردووە. یەکێک لە دوایین بەرهەمەکانیشی لە ساڵی ٢٠١٢ سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی چاپ بووە.

ئەم زانا ناوداره بە درێژایی پەنجا ساڵ، سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەنجام داوە. جۆیس بلۆ نەک دۆستی کورد بەڵکوو خەباتکارێکی ڕاستەقینە و بەپەرۆش بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی بوو. بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە ناوبەدەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کۆچکردوو دەکەم.

مستەفا هیجری

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣

٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## مستەفا هیجری: تەنیا بە دیاریکردنی کوردێک بە جێگری سەرکۆمار ویفاقی میللی پێکنایە



مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردستان" ڕایگەیاند "سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، ناڕەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن".

بەڕێزیان لە هەڵسەنگاندنی کارنامەی نیزیک بە چوار مانگی سەرکۆماریی مەسعوود پزشکیان و مانۆڕی تەبلیغیی دەوڵەتەکەی لەسەر بەناو "ویفاقی میللی" ڕایگەیاند "دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام ئەمە وەکوو کرانەوەیەک بەرووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا نابینم. چوونکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن".

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ دەرەنجامەکانی هاتنەوەسەرکاری دۆناڵد ترامپ و

کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکانی داهاتوو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە :خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن."

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ مستەفا هیجری بۆ دیمانە، لێدوان، و پەیامەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

